# ژنان

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

گۆڤاری یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستان

بانەمەڕی ١٣٩٦

May 2017

٤٦

- رۆڵی ژن لە سیاسیەتدا
- بارگرانییەکانی ژن لەنێوان پێشمەرگایەتی و کابانیدا
- مافەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵات و پێوەندی بە یاساکانی...
- فێمێنیزمەکان و ئێمە لە پەرەاوێزدا
- پشکی ژن لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و چەند سەرنجێک
- گەنجترین دیپلۆماتەکانی جیهان کێن؟
- کاریگەری وەرزش لەسەر پیوەندی نێوان گەلان









پێرست


پشکی ژنان لە هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ئێران وچەند سەرنجێک ٢،٣

فێمینیزمکان و ئێمە لە پەراوێزدا ٣،٧

مافەکانی ژنان لە رۆژهەڵات و پەیوەندی بەیاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ٧،١٠

بارگرانییەکانی ژن لە نێوان پێشمەرگایەتیی وکابانیدا ١١,١٣

گەنجترین دیپلۆماتەکانی جیهان کێن؟ ١٣,١٥

رۆڵی ژن لە سیاسەت دا ١٦,١٧

زیادبوونی کێش لەماوەی دووگیانی دا ١٨

کاریگەری وەرزش لەسەر پەیوەندی نێوان گەلان ١٩

شێرپەنجەی منداڵدان ٢١,٢٢

٣١,٣٢



دەستەی بەرێوبوری ؛
عیسمەت نستانی،شلێر مەحموودی ،شاناز کاکە ئازەر،موژگان عەلیپوور
پێداچوونەوە:
نەسرین حەداد


ژنان
وەرزانەیەکی
سیاسی، کۆمەڵایەتی،
فەرهەنگی و ئەدەبیە


دیزاینی بەرگ:
ئەیوب شەهابی راد
دیزاینی ناوەوە:
شلێر مەحموودی



ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان:
yaketi.jinan.demokrati.kurdist@gmail.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پشکی ژنان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران و چەند سەرنجێک



نووسین: شاناز کاکە ئازەر

سیاسی" باسێکە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک وەک خۆی هاتوە و ماوەتەوە و لەلایەن شورای نیگابانەوە هیچ ڕوونکردنەوە و تێبینیی لەسەر نەدراوە. ئایا "رجل سیاسی" بە مانای کەسایەتیی سیاسی یان پیاوی سیاسەتە. ئەوە چەمکێکە کە لە ئەسڵی ١١٥ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هاتووە. بە پێی ئەو مادەیە سەرکۆمار دەبێ لە نێو "رجالی مەزهەبی و سیاسی بە مەرجێک کە بە ڕەچەڵەک ئێرانی و خەڵکی ئێران بێ، بەڕێوەبەر و بە مشوور بێ، پێشینەی پاک و بە ئیمان و موسڵمان بێ و لە هەموویان گرینگتر باوەڕی بە کۆماری ئیسلامیی و مەزهەبی ڕەسمیی ئێران هەبێ. هەتا ئێرە کەمینە ئایینی و ئیتنیکییەکان بە هیچ شێوەیەک ناگرێتەوە.

پێشتر لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ژنان خۆیان بۆ بەربژێری سەرکۆماری نەدەپاڵاوت و ئێستاش بە شێوەیەکی زۆر کەم دێنە بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردن، هەڵبژاردنێک کە هیچ شتێکی بۆ ئەوان تێدا نییە.

ئەو کەسانەی بە هەر مەبەستێک کە ناوی خۆیان بۆ بەربژێریی سەرکۆماری دەنووسن، زۆربەیان سەر بە ریفورمخوازەکانن و لەبەر ئەوەی کە فشار بۆ کۆماری ئیسلامی و تایبەت شورای نیگابان بێنن کە رجال سیاسی ڕاڤە بکەن.

بەشێکی دیکەی ژنان کە خۆ بۆ پۆستی سەرکۆماری ناکوتن لەبەر چەمکی رجال سیاسییە بۆ نموونە ئەمجارەیان نە پاوانخوازەکان و نە ریفۆرمخوازەکان پشتیوانیان لە ژنان نەکرد. لەبەر ئەوەی کە مادەیەکی قانوونی بنەڕەتیی وڵات دەخرێتە ژێر پرسیار و دەبێ ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێ و ئەوەش بۆ کۆماری ئیسلامی بەگران تەواو دەبێ و بە درێژایی مێژوو پێیان خۆش نەبوو قانوونی بنەڕەتی دەستکاری بکەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بە هەموو لایەن و جەناحەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکرێ. ئەوان ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا و لە ململانییەکانی دیکەی نێوخۆییدا کێشەیان هەبێ لە پاراستنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەمیشە یەک دەنگن و نایانهەوێ بناخەی ئەو ڕێژیمە بۆ ئەو بابەتانە لەرزۆک بکەن. هەر بۆیە هیچکام لە جەناح و لایەنەکانی نێوخۆی ڕێژیم تەنانەت بە هەموویانەوە ژنێکیان وەک بەربژێریی پۆستی سەرکۆماری دیاری نەکردوە. چونکە ئەگەر هەر جەناح و لایەنێک ژنێکیان بۆ هەڵبژاردنی پۆستی سەرکۆماری دیاری کردبایە دیسان فشارەکان ڕوویان لە شورای نیگابان دەبوو و دەبا بە شێوەی ڕەسمی سەبارەت بە رجالی سیاسی ڕوونکردنەوە بدا و ئەو مادەیە شی بکاتەوە.

بێجگە لە ژنانی نێو دەسەڵات، لە دەرەوەی دەسەڵاتیش مامۆستایانی زانکۆ، مافناسان و چالاکانی مەدەنیی ژن توانای خۆپاڵاوتنیان هەیە. بەڵام ئەوانیش دەکەونە دوو بەرەوە بەشێکیان ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئیدیعای سەرکۆماری دەکەن بەڵام لەلایەن دەزگاکانی ئەمنیەت و قەزایی پەروەندەیان هەیە و شیاوییان پێ نادرێ و بەشەکەی دیکەش وەک هەموو رجالی سیاسیی ئێران مانەوەی ڕێژیمیان لە هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە پێ گرینگترە و نایانەوێ بەهیچ شێوەیەک هەڕەشەیەک بن بۆ لەرزۆکبوونی کۆماری ئیسلامی.

بەگشتی پشکی ژنان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری تەنیا دەنگدان و ڕەوایی پێدان بە سیستمی پیاوسالاری و جێبەجێکردنی مادەیەکی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە دژی ژنان نووسراوە.

هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران لە حاڵێکدا بەڕێوەدەچێ کە ژنان بێ پشکن و تەنانەت داواکارییەکانیشیان لە نێو بەڵێنیی بەربژێرەکاندا نابیسرێ و لەبەرچاو ناگیرێ. سەرەڕای بوونی گرووپ و دامەزراوەی ژنان هیچ کامیان بەدواداچوونی داواکارییەکانی خۆیان ناکەن.

١٣٧ ژن ناوی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمساڵ تۆمار کردوە کە هەموویان لەلایەن شورای نیگابانەوە بەهۆی جیاوازیی ڕەگەزی شیاویان ڕەد کراوەتەوە. لە "مناظرە"کانیش تەنانەت بەڕێوەبەری بەرنامەکەش پیاو بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فێمینیزمەکان و ئێمە لە پەراوێزدا

بەشی کۆتایی

نووسین:هۆزان محمود

فێمینیست بون وە یان تەنانەت باسکردن لە فێمینیزم هیچ کات کارێکی ئاسان نەبوە. پرسی ژن و چەوسانەوە و پەراوێزخستنی پرسێکە کە سەردەمانێکە دیبەیتی گەورەی لە سەرە. تەنانەت زۆرجار بۆتە جێگای موزایەدەی سیاسی پارت و لایەنەکان وە یان دەوڵەتە نەتەوەی یەکان. موزایەدە بە "ئازادکردن" یان ژێردەستەکردنی ژن و بەڕوتکردنەوە یان داپۆشینی ژن، بەوەی کە ئەم حیزب دەڵێ من زۆرترم بۆ پرسی ژن کرد لەو حیزبی تر. وە ئەم دەسەڵات دەڵێ ژنانی ئێمە بە مۆرال ترن لە دژی ژنی ئەوانی تر، یان بۆ نمونە خۆرئاوایی یەکان دەڵێن ژنانی ئێمە پێشکەوتوترن لەوانی تر.. وە تەنانەت کاتێک ئەمریکا هێرشی جەنگی بەدەستەوە بوو بۆ سەر ئەفغانیستان، جۆرج بوشی باوک پرسی ژنی بەکار هێنا. ئەمەی کردە یەکێک لە بیانوەکان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی و بە بیانوی ئەوەی ژنان قوربانی دەستی تالیبانن و بەس ئەمریکا دەتوانێت فریاد ڕەسیان بیت. ئیدی لەم پرۆسانەدا ئەوەی خاوەنی ڕاوبۆچۆنە ژن خۆیەتی.

پرسیاری گەورەی فێمینیستەکان لەسەر پلەدوویی ژن و ڕۆلە جێندەری یە دروستکراوەکانە لە کۆمەڵگادا. بە بنەمای فیکری جیاواز و بەرژەوەندی جیاوازەوە ئەوان توانیویانە لانی کەم کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆرئاوا شیبکەنەوە. لانی کەم خاوەنی زیاد لە سەد ساڵ کار و لێکۆڵینەوە و خەبات لە دژی نۆرمە باوەکان و پلەدووی و ژێردەستەیی ژنان بن.دیباتە فیکری و سیاسی و زانستی یەکان لە ئاستێکی گلۆبالدا بەردەوامن و ئێمە لیی بێ بەشین.. بەڵام ئایا ئێمە (ژنی کورد) بۆ لە پەراوێزداین؟ هەوڵ دەدەم وەڵام بەم پرسیارە بدەمەوە لە کۆتایی ئەم وتارەمدا.

سەرەتا پێناسەی فێمینیزم بە گشتی و شەپۆلە جیاوازەکان و کورتەیەک لەسەر بنەما فیکری یەکانی فێمینیزم باس دەکەم. وە لێرەوە هەوڵ دەدەم بچمە ناو باسکردنی گرنگی هۆشیاری فێمینیستی بۆ تاکی کورد. بە گرنگی دەزانم ئەوە بلێم کە فێمینیزم وەک بزوتنەوە، فیکر، تێرم و تیۆرە لە رۆژئاواوە سەری هەڵداوە. ئەوەی کە فێمینیستەکان کاریان لەسەر تێگەیشتنی کردووە لە ڕوانگەی جیاوازەوە جیاکاری جێندەری یە، چەوسانەوەی ژن بەهۆی ژن بونیەوە. وە پێیان وایە کە ئەمە مەسەلەیەکی تایبەت بە تاک نیە بە تەنها، بەڵکو تەنراوە لەگەڵ فاکتۆرە کۆمەڵایەتی و سیستمی سیاسیەکاند، وە جیاکاری و نەبوونی یەکسانی بەدی دەکەن لە ڕێکخستنی هاوسەرگیری، خانەوادە، منداڵدارای، بازاڕی کار، سیاسەت ، ئابوری ، دین وە هونەر و بەرهەمە کولتوری یەکان. وە باوەڕیان وایە کە تەنانەت زمانی ئاخاوتن، دروستکەری جیاکاری یە و بەرهەم هێنەری تێرم و ئاخاوتنی دژە ژنە. هەر بۆیەش ڕێگا چارە بۆ یەکسانی مرۆڤەکان بەتایبەت هارمۆنایز کردنی پەیوەندی نیوان ژن و پیاو پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە نەک وەڵامی تاک.

لێرەوە دەتوانین بڵێین فێمینیزم پێک هاتووە لە بزوتنەوە و ئایدیۆلۆژی جیاواز کە هەوڵی پێناسە کردن و داکۆکی کردن لە مافی ژن دەدات. تیۆری فێمینیستی کە دەرئەنجامی ئەم بزوتنەوە فێمینیستیانەیە هەوڵی ئەوە دەدات کە تێ بگات لە سروشتی نایەکسانی جێندەری و ڕەگ و ڕیشە و چارەسەریشی بۆ دەستنیشان بکات. ئەویش لە ڕێگای پرسیار خستنە سەر ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکانی ژنان، وە ئەزمونە جیاکانی چەسانەوە ی ژنان. وە لە چەندین بواردا تیۆری گرنگیان بەرهەم هێناوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن بۆ وەڵام دانەوە و تێگەیشتن لەو ڕۆلە جێندەری یە داسەپاوو دروستکراوانە.

ئەوەی لە نوسینی فێمینیستەکاندا بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە تا ئێستاش زۆر لەسەر ئەوە کۆک نین کە مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ چ سەردەمێک . هەندێکیان دەی گەڕێننەوە بۆ سەدەی حەڤدە و بەڵام زۆرێکیان دەڵێن لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەوە، لە کات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



و شوێنی جیاوازدا ژنان کارو چالاکی و بەرهەمی فیکریی خۆیان هەبوە. ئارگیومێنتێکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی لە کەی و لەکوێ سەریهەڵداوە یان کامە بزوتنەوە و چالاکی ژنان وەکو فێمینیزم پۆلێن بکرێ.

ئەم دیبەیتە بۆ زۆربەی کۆنتێکستەکان دەتوانێت ڕاست بێت، هەروەک چۆن لە کوردستان تا ئێستاش فێمینیزم وەکوو مەدرەسەیەکی فیکری یان تیۆری ڕەگ و ڕیشەی خۆی دانەکوتاوە بە تەواوی. بەهەمان شێوە بە ئاسانی ناتوانین ئەو کۆمەڵە چالاکیەی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان وەک فێمینیزم پۆلێن بکەین... ئەوەی دیارە پرسی ژن پرسێکی گلۆبالە و بەڵام بە تایبەتمەندی لۆکالی خۆیەوە. فێمینیستەکان لە خۆرئاوادا توانیویانە لە بواری فیکر و تیۆر و زانست و دەرکەوتن وەکوو بزوتنەوەیەکی سیاسییە سێ شەپۆلی جیاوازدا تێپەڕن. وە تەنانەت هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و کاری مەیدانی و فیکری و تیۆری تازە بەرهەم بێنن. ،بەڵام هێشتا ئێمە لە کوردستان ئەمەمان بۆ نەکراوە. لێرەدا بە باشی دەزانم بچمە سەر باسکردنی ئەو دیبەیتانەی لەسەر پێناسە و سەرهەڵدانی فێمینیزم لە خۆرئاوادا هەیە و دواتر بێمەوە سەر شیکردنەوەی کەموکوڕی و پەراوێزبونی خۆمان لەم ڕەوتە فیکری و تیۆریانەدا وە ئەو دیبەیتانەی کە لەدونیای ئەمرۆدا هەیە لەسەر فێمینیزم و جێندەر.

کەسانی شارەزا و مێژوونوسان لە خۆرئاوادا لەسەر بەکارهێنانی وشەی فێمینیزم بۆ پێناسە کردنی بزووتنەوە و چالاکی ژنان ڕای جیاوازیان هەبووە. بۆ نمونە هەندێک لە مێژوو نووسە فێمینیستەکان بۆچونیان وایە کە ئەم تێرمە واتە فێمینیزم هەموو ئەو بزوتنەوە و چالاکیانەی ژنان بگرێتەوە کە بۆ باشترکردنی پێگەو ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا هەبوە، ئەگەر چی هەندێکیشیان بە خۆیان نەوتوە فێمینیست. هەندێکی تر لە مێژوونووسە فێمینیستەکان پێ یان باشە بەم ڕەوتە بوترێ( پرۆتۆ فێمینسیت)- واتە ئەوانەی کە بەر لە فێمینیزمی هاوچەرخ لە مەیداندا بون واتە مەیلەو فێمینیستین.

دیارە هەندێکی تر لە مێژوو نوسەکان تێرمی فێمینیزم بۆ بزوتنەوەی فێمینیزمی هاوچەرخ بەکار دەهێنن لە خۆرئاوادا. کە ئەمەش بێ ڕەخنە نی یە، چونکە ئەوکاتە ئیرۆسێنتریک دەبیت و ئەزموونی ژنانی دەرەوەی خۆرئاوا ناگرێتە خۆ..

لە ڕاستیدا تێرمی فێمینیزم هەر لەسەرەتای دەرکەوتن و بەکارهێنانی یەوە فۆبیایەکی بێ وێنەی دروست کردوە تەنانەت لە نێو ژنان خۆیشیاندا. یەکەم جار ئەم تێرمە لە هۆڵەندا و فەرەنسا بەکار هێنرا لە ساڵی ١٨٧٢، دوای ئەوەی ژنانی ئەوێ هاتنە مەیدان و کارو چالاکی یان ئەنجام دەدا لە ژێر ئەم ناوەدا. دواتر لە بەریتانیالە ساڵی ١٨٩٠و ئەمریکا ١٩١٠دواتریش لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا..

ئەگەر بە کورتی سەیری مێژوی خۆرئاوا بکەین دەبینین کە بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی داتێپەڕیوە. وە ئەم پرۆسانە


کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری www.rabari.org

گۆڕانکاری زۆری بەسەر پەیوەندیەکانی جێندەردا هێناوە. هەر لە کاتی کەشفکردنی "دونیای تازە" و ، سیستمی کۆیلە داری، کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی و کۆنسێپتی وەکو "نەژاد" و دروست کردنی "خۆرئاوا" لە ئاست ئەوانی تردا. هەروەها دروستبونی دەوڵەتی نەتەوە و مۆدێرنیتە و "سپی بون" وەک سەروەری لە دژی ئەوانی تر و پرۆسەی هۆلۆکاست و دەیان پرۆژەی تری خۆرئاوایی کە زۆرێکیان خوێناوی و سەرکوتگەرانە بون. شایەنی باسە ئەم گۆڕانکاری یانە بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری و تیۆری دژ بە خۆی بەرهەم هێنا. دیارە گۆڕانکاری بەسەر پەیوەندی ەکانی جێندەر و ڕۆڵ و پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا بەرهەم هێناوە.

سەرەڕای گەشەی زانستی و فیکری و فەلسەفی لە چاخی عەقلانیەتدا کە کۆمەڵێک موقەدەساتی خستە ژێر پرسیارەوە لەوانە سەروەری دین و کلێسا. وە بە دوای ئەوەشدا کۆمەڵیک دیبەیت لەسەر مافی تاک، ئازدی، وە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و برایەتی و یەکسانی و کۆمەڵێک کۆنسێپتی تر. بەڵام لە ناوەرۆکدا ژنان وەکوو موڵکی پیاو مامەڵە دەکران. بۆ نمونە فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆک کە بە باوکی لیبرالیزمی کلاسیک ناوزەد دەکرێ کۆنسێپتی ئازادی و مافێک کە ئەو باسی لێوە دەکرد ژنی نەدەگرتە خۆی. لای جۆن لۆک بۆ نمونە پیاو نوێنەری خانەوادە بوو وە ئەو بۆی هەبوو بە نوێنەرایەتی ژن قسە بکات. ئەوەشمان بیرنەچێت، کەزۆرێک لە پیاوە ڕۆشنگەرەکانی ئەو سەردەمە دانیان بە ماف وئازادی ژناندا نەدەنا. بۆ نمونە (جان جاک ڕۆسۆ) فەیلەسوفی فەرەنسی سەرەڕای بانگەشەی بۆ ئازادی مرۆڤ، بەڵام ئەو ئازادی یەی ئەو بانگەشەی بۆ دەکرد ژنی نەدەگرتەوە. وە لەبارەی خوێندەواری ژنەوە دەڵێت ( ژن پێویستە خوێندەوار/پەروەردە بکرێت تەنها بۆ چێژی پیاو). هەروەها نوسەر و فەیلەسوفی بەریتانی خاتوو (ماری ویڵستۆنکرافت) کەبانگەشەی خوێندنی بۆ ژنان دەکرد، ڕەخنەی توند لەم بیرکردنەوەیەی ڕاسۆ دەگرێت. وە لە بەرامبەردا خوازیاری خوێندن و ئازادی و کۆمەڵێک مافی تردەبێت بۆ ژنان. هەربۆیەش نوسینەکانی ئەم خانمە وەک بناغەیەک بۆ شەپۆلی یەکەمی فێمینیستی دادەنرێت لە بەریتانیا...

گرنگی ڕەخنەگرتنی خانمێکی وەک ماری ولستۆنکرافت لەوەدایە کە چالێنجی فەیلەسوفێکی گەورەی جاک ڕۆسۆ دەکات. وە تێزەکانی لەمەڕ ئازادی مرۆڤەوە دەهێنێتە ژێر پرسیار. ئەمە جۆرێکە لە هۆشیاربونی ژنان بە ماف و ئازادی یەکانی خۆیان و پێگەو قودوسیەتی پیاو لە خانەوادە وکۆمەڵگادا دێنێتە ژێر پرسیار تەنانەت لە بەرهەم هێنانی فیکر و فەلسەفە و زانستیشدا.

ئەوەی بزوتنەوەی فێمینیستی هێنایە بوون ئەو چەوسانەوەیە بوو کە لە دژی ژنان ئەنجام دەدرا. وە جیاکاری یەکی جێندەری کە لە نێوان گوتاری سروشت لە بەرامبەر کولتور (Nature versus cultur) فۆرمولە کراوبوو. بەوەی کە ژن لە ڕوانگەی بایەلۆجی یەوە لاوازە و منداڵ بەرهەم دێنی وعاتیفی یە شوێنی ئەو ناوماڵە. وە پیاو بەهێزە و خاوەن عەقڵە و ڕاشیونالە و دروستکەری کولتورە. واتە ژن گرێ بدرێت بە فەزای تایبەتی و پیاویش بۆ فەزای گشتی. گۆڕانکاری یە یەک لەدوا یەکەکان لە خۆرئاواداو، بونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەدەنیە جیاکان ئەم ڕۆڵە ترادیشناڵ و داسەپاوانەیان هێنایە ژێر پرسیار، چیدی ئەم ئارگیومێنتە هێندە زاڵ نی یە.

بۆ نمونە گەشەکردنی پیشەسازی بووە هۆی ڕاکێشانی ژنان بەلێشاو بۆ ناو کارگەکان. چینێکی ژنانی کرێکاری هەژاری دروستکرد، سەرەڕای کاری زۆر و هەقدەستی کەم. لە ماڵەوەش چەوسانەوە و ئەرکی پیاو ومنداڵ بەخێوکردن وتوندوتیژی بەشیان بووە. دیارە ژنانێک کە لە چینی باڵا بوون، ئەوانیش دیسان بە شێوەیەکی تر مافەکانیان لێ زەوتکرابوو، وە دانپێدانراو نەبووە، بۆ نمونە مافی میراتگیری وتاپۆی خانووبەرە ومنداڵ بەناویانەوە نەبوو. دیارە ئاین ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەملکەچ کردنی ژنان بە پلەدووی لە کۆمەڵگەدا و ڕێگریان لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا. لەبەرئەوە ژنان لە زۆر شێوازی جیاوازدا کەوتنە تەعبیرکردن لەژێردەستەیی و بێ مافی خۆیان. سەرەتایەکی گرنگ بۆ خەباتی ژنان لە نێو ژنانی کرێکارەوە دەستی پێ کرد، کاتێک کە ژنانی کرێکار لە ئەمریکا دەستیان دایە مانگرتن لە دژی خراپی بارودۆخی کارکردنیان. لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ژنانی سۆسیالیست و چالاک توانیان ژنانی ناڕازی کرێکار ڕێک بخەن لە ژێر کۆمەڵێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



داواکاریدا. دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ش وەکوو سەرەتایەکی گرنگ هەژمار دەکرێ کە ژنان تیایدا هەم ڕۆڵی گرنگ و ڕابەریان هەبوو وە هەم مافەکانیان بەڕەسمی ناسرا. بەڵام هاتنە سەرکاری ستالین و لێدان لە کۆمەڵێک ماف و جێگیربوونی کاپیتالیزمی دەوڵەتی و دیکاتۆریەت پاشەکشەی بە ڕۆڵی ژنان و مافەکانیان کرد.

مێژووی فێمینیزمی هاوچەرخ دەکرێ دابەش بکرێ بەسەر سێ شەپۆلدا:

فێمینیزم وەک بزوتنەوە و وەک ڕەوتی فکری و سیاسی پشت بەستوو بووە بە چەند قوتابخانەی فکری و ئایدیۆلۆژی یەوە. ئەوان لیبراڵ فێمینیزم، مارکسیست فێمینیزم، سۆسیالیست فێمینیزم، وە ڕادیکاڵ فێمینیزم و دواتریش پۆست مۆدێرن فێمینیزم بوون و هەندێک قوتابخانەی تر. ڕیشەو بنەما فکریەکانیان پشتبەستوو بوو بە فەلسەفەی سیاسەتی لیبراڵی سەدەی ١٨ و ١٩ کە بیرۆکەی مافی تاک سێنتەری ئەم قوتابخانە فکریە بوو. فکری مارکسیستی و ڕەخنەی مارکس لە کاپیتالیزم و بیرۆکەی هۆشیاری چینایەتی کە لە سەدەی ١٩دا هاتە بوون. هەروەها سیاسەتی دژە کۆلۆنیالیزمی سەدەی ٢٠ و بیرۆکەی گەشەکردنی نەتەوەیی بون کە لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەو چالاکی و شیکاری فێمینیستی لەم دوو سەدەیەدا بەدی دەکرێن.

فێمینیزم بەسەر سێ شەپۆلی جیاوازدا دابەش دەکرێن:

شەپۆلی یەکەم: ئەم شەپۆلە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا دەرکەوت و خواستەکانی کورت کرابووەوە لە داواکاری لەمافی دەنگدان وهاوڵاتی بوون وکۆمەڵێک مافی سیاسی وئابووریدا خۆی دەبینیەوە.ژنانێک کەلەم بزوتنەوەیەدا چالاک بون بەتایبەت لە بەریتانیا، دەکەوتنە بەر لێدان وزیندانیکردن وتوندوتیژی لە کاتی خۆپیشاندان لەلایەن پۆلیسەوە.

شەپۆلی دوهەم: لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠- بۆ ١٩٨٠ کاندا هاتە بوون دوای ئەوەی شەپۆلی یەکەم کورتی هێنا. شەپۆلی دوهەم فەزایەکی تری دروست کرد بۆ شیکاری و دیبەیت کردنی بێ مافی و ژێردەستەیی ژنان.

ئەم شەپۆلە فێمینیستی یە کە لەدوای جەنگی ڤێتنام وساڵەکانی شەستەکانەوە سەریهەڵدا لە ئەمریکا. ژنان زۆرتر لە دژی جیاکاری جێندەری و ژێردەستەیی و جیاوازی چینایەتی وپیاوساڵاری وەستانەوە.. ئەوەی گرنگ بوو لەم شەپۆلەدا ، پشت بەستن بوو بە کۆمەڵێک ئایدیۆلۆجی و فیکر و تیۆری ، زانستی کۆمەڵناسی، سایکۆلۆژی ، ڕەخنەی ئەدەبی، فەلسەفە. هەروەها پرس خستنە سەر سێکسیزم و جیاکاری جێندەری و نایەکسانی و دەست درێژی جنسی.

کەسایەتی ونوسەری فێمینیست (کارۆڵ هانیسچ) دروشمی ئەوەی "شەخسی یە سیاسی یە" یان چاکتر وایە بڵێین (ئەوەی کەسیە سیاسیە) فۆرمولە کرد، کە بەشێک لە شەپۆلی دووهەمی فێمینیزم هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەم تیۆرە. لێرەوە گرنگ بووشیکاری ژێردەستەیی ژنان بکرێت و پێیان وەهابوو نایەکسانی کولتوری و سیاسی ژنان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان


کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

پێکەوە هەیە. ژنان هەوڵیاندەدا مافی خۆیان لەکۆنتێکستێکی سیاسیدا سەیر بکەن، پەیوەستی بکەن بەسترەکتورەکانی دەسەڵات وپیاو سالاری وسێکسیزمەوە. دەستیان بۆ زۆر پرسی گرنگ برد کە پێشتر شەپۆلی یەکەم ئەم کارەی نەکردبوو، وە تیۆریزەی ژێردەستەیی ژن و مانایاکی تریان بەخشی بە فێمینیزم.

دیارە ئەم شەپۆلەش لەگەڵ کۆمەڵێک کەم وکوڕی بەرەو ڕووبوونەوە. بۆ نمونە کەوتنە بەر ڕەخنەی ژنانی ڕەش پێست لە ئەمریکا و بەریتانیا و هەروەها ژنانی هیندی و ئەوانی تر کە گوایە فێمینیزمی خۆرئاوا ئەزمونەکانی ئەوانی لەبەر چاو نەگرتوە کە ئەوان دوو جار چەوساوە بوون وەک ژن و وەک ڕەش پێستیش. وە خۆیان کەوتنە تیۆریزە کردنی ئەزمونەکانی خۆیان و قوتابخانەی فێمینیزمی ڕەشیان بنیاد ناو لێرەوە کۆمەڵێک شیکاریان لەسەر ئەزمونی خۆیان کرد. وە ژنانی هیندی و بەناوبانگترینیان گایاتری سپیڤاک و هاورێکانی مەدرسەی سەب ئالترن ستەدی یان دامەزراند و وەکوو ژنانی ژێر دەستی کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوا لەسەر ئەزمونی خۆیان قسەیان دەکرد. لەدەرەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ژنانی سپی خۆرئاوا لەسەر ژنانی ئەم ناوچەیە بەرهەمیان هێنابوو وە وێنایەکی نادروستی لە ئەزمون و ژیانی ژنان نیشان بە خوێنەری خۆرئاوا دەدا.

شەپۆلی سێهەم: ئەم شەپۆلە لە سالآنی ١٩٩٠ کان دا سەری هەڵدا و ئاماژە بۆ ترێند و ڕەهەندی جیاواز دەکات لە فێمینیزمدا. ئەمە وەکو بەردەوامی وە هەروەها وەلآمێک بۆ فەشەلەکانی شەپۆلی دوهەم سەیردەکرێ.ئەمان پرسە گەورەکانیان کەمتر بۆ گرنگ بوو و زۆر گرنگیان پێنەدەدا، هەروەها کەوتنە تیۆریزەکردنی کۆمەڵێک چەمک و پرسی تر وەکو (ڕەگەز، سێکسوالیتی، مافی کەمینە ، هۆمۆسێکسوالیتی،..هتد). دیارە ئەم شەپۆلەش چەندین ترێندی تری لەخۆ گرت. بەڵام کار و هزری فێمینیستەکانی شەپۆلی دووهەم تا ئەم ساتەش گرنگی خۆی هەیە. هەندێک لە فێمینیستەکانی ئێستا تیۆرەی ئینتەرسێکشناڵیتی یان بنیاد نا بۆ دەرباز بوون لەم کەلێنە کە فێمینیزمی پۆست مۆدێرن دروستی کردوە. بۆ نمونە بە پێی ئەم تیۆرە تازەیە ژنان دەکرێ چەوساوە بن بەدەست زۆر کێشەوە لەوانە مەسەلەی چین، جێندەر، نەژاد، وە کۆمەڵێک هۆکاری تر و ناکرێ تەنها یەک لایەنە سەیری چەوسانەوە بکرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مافەکانی ژنان لە رۆژهەڵات وپەیوەندی بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی



نوسین: شلێرمەحموودی

بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان ژن هەر وەک هەموو تاکێکی تری ناو کۆمەلگا [منداڵ کچ یان کوڕ، هەرزەکار یان پێگەیشتوو، کەسی بەساڵاچوو.... ] خاوەنی کۆمەڵە مافێکە، لەوانەش خاوەنی کەسایەتی تایبەت بەخۆیەتی.ئازادە لە دەربرینی هەستی تایبەتی خۆی، لەروی ئایین، سیاسیەوە، هەڵبژاردنی کار ، مافی دەنگدان، خۆ هەڵبژاردن، ... .بەشیکی زۆرلەو مافانەی کە ئێستا بەدەستی هێناون، وەک خەڵات بەدەستی نەهێناون، بەلکو لەپیناویان دا جەنگاوە، ئەشکەنجە دراوە، کوشتویانە، زیندەبەچالیان کردوە، ... بەڵام وازی نەهیناوە،تاکو مافەکانی خۆی بەپێی یاساکانی نێو دەوڵەتی چەسپاندووە و وەرگرتووە. ئەگەر لە وڵاتیک دا یان هەریمیکدا هەلسوکەوتێک لەگەڵ ژن دا بکرێت دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤە[ئەوەی کە بە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ناسراوە]، ئەوا لایەنی پەیوەندار و دەسەڵاتدارانی بەرپرسن و پشکی شێریان بەردەکەوێت، بە پیچەوانەشەوە ڕێزگرتن لەیاساکانی مرۆڤ و [ئەوەی کە بە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ناسراوە]، هەر ئەرکی بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکانە. دانانی رۆژی٨ ی مارس بە رۆژی جیهانی ژنان لە ئەنجامی هاتنەدەنگی ژنانە لەئاست پیشێلکاریەکانی کە بەرامبەریان کراوە لەلایەن دەسەڵاتداران یان تاکەکانی خێزان، خاوەن کارەکانیان، ... . دەستکەوتیکی گرنگی مێژووییە و پیی گەیشتوون.

ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم و زیاتر تیشکی بخەمە سەر ژن لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ یاساکانی کۆماری ئیسلامی یە. وەک دەزانن رۆژهەلاتی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا بەرێوە دەبرێت، ژنی کورد لە رۆژهەڵات جیانەکراوەتەوە لە ژنانی ئێران بەگشتی، بەڵام ئەگەر ژنی ئێران جارێک بچەوسێنرێتەوە بە دەست یاساکانی کۆماری ئیسلامی یان مافەکانی پێشێل بکرێن ، ئەوا ژنی کورد بەهۆی نەتەوەییبونیەوە جارێکی تریش دەچەوسێنرێتەوە..

لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا قانونی ئەساسی دا مافەکانی ژن تایبەت پێناسە نەکراوە. قانوونی ئەساسی ئێران کەسایەتی ئەسڵی ژنانو مافی ئینسانی ئەوانی تەنیا لە ڕاستای پێکهێنانی بونیادەکانی ئیسلام بە قانوونیو ڕێپێدراو دەزانێ، واتا ڕاستەوخۆ بۆ لەبەرچاو گرتنی مافی ژن نیە کە پیشەکی باس لە ژن دەکات، بەلکو ژن وەک کەرەسەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کەڵکی لێوەرگیراوە.

قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی مافی بە ژنانداوە لەنێو بنەماڵەدا بەم شێوەیە:

– ژن وەک مرۆڤی پلە دوو تەنها لە چوارچێوەی ماڵ دا مانا پەیدا دەکات و تەواوی ماف و ئەرکەکانی لەو چوارچێوەیەدا لەنەزەر دەگیرێت، بە پێی ئەو روانگەیە ڕۆڵی ژن وەک دایک دەستنیشان کراوە کە لەو ئەرکەدا لەسەریەتی کەسانی مەکتەبی (کەسانی پابەندبە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی) باربێنێت، منداڵان وا پەروەردە بکەن کە بیر و باوەری کۆماری ئیسلامی لە هزریان دا رەنگ بداتەوە. سەرۆکی خێزان تایبەتمەند کراوەبەپیاو. ژن لەدەرەوەی خێزان دا و لەکاتی کارکردن دا وەک کەرەسەی کار سەیری دەکرێت.

لە دادگاکاندا

لە قانونی ئەساسی ئێران دا ژنان وەک پیاوان مافی شکایەت کردنیان هەیە لە دادگاکان دا، بەڵام هەر بەپیی ئەو قانونە لەمافی دادوەری یەکسان بێبەشن، چونکە قانونەکان دەبێت بە پێی موازنی ئیسلامی بەڕێوەبچن و موازنی ئیسلامیش ئەو مافانە بە ژن نادات لەکاتی دادوەری و لە دادگادا مافی وەک پیاوی هەبێت، نمونە، تەڵاق،میرات،شاهیدی، تەمەنی زەواج، شێوەی لیباس لەبەرکردن، مافی کارکردن، نابەرابەری لە شوێنی کارکردن دا، موجەی کەمتر بۆ ژنان لەبەرامبەر کاری یەکسان لەگەڵ پیاو دا.

لە رووی سیاسیەوە

قانونی ئەساسی ئێران ژنان بێبەش دەکات لە بوون بە ڕیبەری کۆمار، سەرۆک کۆمار، سەرۆکی



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org



پەرلەمان، سەرۆکی دەزگای قەزایی.لە ساڵی ١٩٨٣ پەسەند کراوە.

کاری ئابووری، تێکۆشان و پێناسەی کۆمەڵایەتی، خەباتی بەکۆمەڵ، هەست بە ژیان لەگەڵ کۆمەڵ و هتد، بابەتگەلێکن کە پێوەندی مێژوویی و نەپساویان لەگەڵ ژن هەیە. کێشەی ژن لە حاڵێکدا کە وەک گرفتێکی فەرهەنگی و زەینی وەبەرچاو دەکەوێ، گرفتێکی کەلێک سیاسیشە. سیاسەتی دەوڵەتانی ئیسلامی کە لە ڕێگای باوەڕەکانی زەینی دەچێتە مێشکی بنەماڵەکان، مێشکیان یەخسیری خۆی دەکا و ئەو حکوومەتە ئیسلامییانە زۆرترین ناهەقی دەرهەق بە ژن ڕەچاودەکەن. ئامرازێک کە بەردەوام بۆ چەوساندنەوە و داسەپاندنی دەسەڵات کەڵکیان لێوەرگرتووە، کێشەی ڕەگەزی و هەڵاواردنی ڕەگەزی بووە. چونکە کۆمەڵگایەک کە ژنان تێیدا بێدەسەڵات بن و تەنیا لە ڕوانگەی ڕەگەزی سەیر بکرێت، ژنەکانی یەخسیر و دەسبەسەرن و لە ئاکامدا مناڵانی لەو ژنانە دەبن، گوێ لەمست و ژێردەستەی دەسەڵاتی حکوومەتن. بەو پێیە، کۆمەڵگا سڕ و دیل دەبێ و خەڵکەکەی خاوەن هیچ ئیرادەیەک نابن و ناتوانن داخوازییەکیان لە حکوومەتەکەیان هەبێ.

هۆی دیکەی توند و تیژی

دژی ژنان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، سەرەڕای هەڵاواردنی مەترسیداری ڕەگەزی و دەکارکردنی یاساکانی سەدەکانی نێوەڕاست، قوڵکردنەوەی قەڵشتی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا و گەورەبوونی دیاردەی هەژاری لە کۆمەڵگادا، سیغە، دابەزاندنی تەمەنی شووکردنی کچان و پەسند کردنی یاسای دواکەوتووانەی دژی بنەماڵە، تەرحی عفاف و حیجاب، نابەرابەری لە شوێنی کار، موچەی کەمتر بۆ ژن لە بەرامبەر کاری یەکسان لەگەڵ پیاوان، تەوژمی ئابووری بۆسەر ژنانی سەرپەرستی بنەماڵە، یاسایی کردنی زەماوەند لەگەڵ مناڵی وەرگیراو و زۆر بابەتگەلی دیکە، نیشانەی ڕوون و ئاشکرای توند و تیژی دژی ژنانن. توند و تیژی تەنیا ئازار و ئەشکەنجەی بەکردەوەی جەستەیی نییە، هەر هەمووی ئەوانەی باسکران، لەگەڵ زوڵمی نەتەوایەتی دەبنە زەختی چەند بەرابەر بۆسەر ژن و دەبنە هۆی ئەوە کە ژمارەیەکی فرەیان دەست بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن ، کەڵکوەرگرتن لە مادە هۆشبەرەکان دەبەن. یا دەبێ خۆیان بسووتێنن یا ناچارن لەگەڵ بارودۆخەکە ڕابێن. هەڵبەت سەرەڕای ئەوەی ساڵانیک خەباتی بەربڵاو و ڕادیکاڵی جەماوەری دژی دیاردەی ژن چەوساندنەوە و هەڵاواردنی ڕەگەزی لەگۆڕێدا، بەو حاڵەش ژنان هێشتا بەردەوام لە وڵاتانی دواکەوتووی ئایینی لەژێر دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەتانی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا ماونەوە و ئەو دەوڵەتە سەرکووتکەر و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دژە ژنانە، بەشێوەی سیستیماتیک کەڵک لە ئازاری جەستەیی ژن وەک چەکێک بۆ بێدەنگ کردنی ژنانی ناڕازی وەردەگرن. جیا لەوانە، ژنانێکی زۆر ڕۆژانە دەبنە قوربانی توونودتیژی بنەماڵەیی، بەدەست مێردەکانیان، باوک و براکانیان کە خاوەن بیری ڕەشن و بۆیە کوشتن لەژێر ناوی پاراستنی نامووس کە دیاردەیەکی سەدەکانی ناوڕاستە، بەردەوام قوربانی وەردەگرێ و لەبەر هەبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی، نەریتەکانی دژە ژنی وەک بەردەباران کردن، زیندوو بوونەتەوە و ئەوانەش ڕیشەیان لە سیستەمی نابەرابەری نیزامەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بنەما فکرییەکاندا.

هەربۆیە یەکێک لە بنەڕەتیترین

گرفتی ژنان لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، یاسایی بوونی هەڵاواردنی ڕەگەزی و زوڵم لە ژن و مافەکانییەتی. ئێمە بەردەوام شاهیدی پەرەسەندنی ڕەوتی پلانەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی دژی ژنان دەبین. کاتێک کەسێک جیا لە پێناسەی مرۆڤایەتییەکەی دەخرێتە چوارچێوەی ڕەگەزی و لەو ڕوانگەیەوە تاریف دەکرێت، تەواوی توانایی و پێداویستییەکانی ئینسانی ئەو لەپەراوێز دەخرێن. ژنانی ئێمە لە ئێران لەژێر زوڵم و زەختی فەرهەنگی پیاوسالاری دەسەڵاتدار، بارودۆخی نایەکسان و نامرۆڤانە تەحەمول دەکەن و لە مافی مرۆڤایەتی کە بریتییە لە مافی سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی بێبەشن. لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگادا دەکەونە بەر سوکایەتی پێکردن و هەڵاواردن. لە سەدا و سیما ڕا بگرە تا بەشی پەروەردە و فێرکردن. فەرهەنگی پیاوسالاری بەشێوەی ئاشکرا و شاراوە پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرێ. هۆی جۆراوجۆر لە شکڵگرتن و خوڵقانی توونو و تیژی دژی ژنان لەگۆڕێدا هەن کە یەک لەوانە شێوە و چۆنییەتی ژیانی سوننەتییە و لەودا پیاو بەرپرسی دابینکردنی بژیوی بنەماڵە و ژن بەرپرسی پەروەردەی منداڵ و جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵەوەیە. زۆربەی گرفتی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەربەخۆیی ماڵی و نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری. ژنێک کە لە باری ماڵییەوە سەربەخۆ نەبێ، غیرەت و لەخۆڕادیوی بەربەرەکانیی لەگەڵ توونو و تیژی و هەڵاواردنی ڕەگەزی نابێ و سەرەتاییترین و بنەڕەتیترین ئامرازی ئەو بەربەرەکانییەی لێدەستێندرێتەوە.

هۆی دیکەی توونو و تیژی و هەڵاواردنی ڕەگەزی دژی ژنان، هۆی فەرهەنگی و ئایینییە کە بە ئانقەست و بەمەبەستی ژێردەستەکردن و حوکمڕانی زۆرتر بەهۆی حکوومەت و بەشێوەی سیستیماتیک پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرێ. بەتایبەت جیاوازی نێوان ژن و پیاو لەمەڕ دانی دییە و بایخی ژن لەکاتی شاهیدی دان لە دادگا و بەشە میراتی ژنان و هتد. ژنان بۆ ڕزگاری لەو بارودۆخە ناعادڵانەیە دەبێ دەستی دین لە سیاسەت و حکوومڕانی کورت بکەنەوە تا دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ نەتوانن لە باوەڕەکانی دینی خەڵک کەڵکی نابەجێ وەرگرن و ئەوان بکەنە کۆیلەی خۆیان.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بارگرانییەکانی ژن لە نێوان پێشمەرگایەتی و کابانیدا



نووسینی: فازیل شەورۆ

پێشەنگی ژنان لە کاروانی خەبات و سەنگەری بەرگری و گۆڕەپانی چالاکییەکانی پەروەردە و کارگوزاری و کابانیدا حاشا هەڵنەگرە، خۆشبەختانە پشکی ژنانی کوردیش لەو بوارانەدا جێگەی دەستخۆشی و شوکرانەیە.ئەگەر بازنەی کرۆکی باسەکەمان لە دەوری پێشمەرگایەتی و کابانی ژندا دەستنیشان بکەین، دەبێ ئاماژەیەک بە خەباتی مەدەنی و چەکداری ژنان لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا بکەین، کە لە مێژوودا بوونەتە ڕەمز و سونبلی بەرخوردان، وەک ژنانی پاریس لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسا( ١٧٨٩) و ژنانی ڤێتنام لە حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو، پێش ئەوانیش ژنانی چین و کۆریا...تاد. لە مێژووی خۆشماندا، ڕیزبەندێک ناوی شێرەژنانی کورد بەسەر زارانەوەن کە لە سەردەمی خۆیاندا پایە و مەقامی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی دیاریان هەبوو..

دەکرێ بە دیاریکراوی، کۆتا چارێکەی سەدەی ڕابردوو، بۆ دەرکەوتن و درەوشانەوەی ئەستێرەی ژنی کورد بکرێتە سەرەتای مێژوویەکی نوێ، هەرچەندە لە دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان و دواتریش لە شۆڕشەکانی کوردستانی باشوور و باکووردا ژنانی کورد وەک پێشمەرگە و خەباتکار و چالاکەوان ڕۆڵی مەزنیان هەبووە، بۆیە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، لە زیندانی کردن و ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدان و قەتلوعامکردنی ژنانی کورد قەد دەستیان نەپاراستووە، بگرە شێوازی ئەشکەنجەکانی ئەوان سەختر و بە ئازارتریش بووە، چونکی دەبووایە ئەوان پارێزگاری لە شەرەفی خۆشیان بکەن و تەسلیمی دە ستی ڕەشی پیاوانی داگیرکەر نەبن. ئێمرۆش لە (٢٠١٧)دا وەک دەبینین شەرڤان و چەکدار و پێشمەرگەی ژن بە کرداریی لەسەرنگەرەکاندا دەجەنگێن و دوور لە سەنگەرەکانیش لە سەر ڕووی سکرینی تیڤی و سینەماکانی دونیا ڕۆمان و چیرۆک و فیلمی ئازایەتی و نەبەردایەتییان نمایش دەکرێ. ناوبانگی پێشمەرگە ژنەکانمان وا دەنگیداوەتەوە، تا ئەو سنوورەی لەو دواییەدا کۆمپانیایەکی جیهانی بەناوبانگی مۆدەی پۆشاک، جلکوبەرگی ژنانە شەرڤانەکانی کوردی کردۆتە ستایل و بە شانازییەوە ژنانی غەیرە کورد لە شەقامەکانی لەندەن و مۆنتیکارلۆ و پاریس و سەنگافورا...تاد خۆیانی پێبادەدەن و لافی پێوە لێدەدەن.!

بۆ ئەوەی حەقی کەس نەخۆین، دەبێ دەستخۆشیش لەو ژنانە بکەین کە لە بواری سەربازی و لەشکری و مەدەنیدا ( وەک پۆلیس و پاسەوان) لە زۆر لە وڵاتاندا خزمەتی گەورە بە وڵاتەکەیان و مرۆڤایەتی دەکەن. بۆیە لە زانستگاو مەڵبەندە ئەکادیمیایەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو ڕشتە و بابەتی ژنی چەکدار و سەرباز و پۆلیس بوونەتە جێگەی بایەخ پێدان و لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی زانستی, ئەوەتا پرۆفیسۆر (گێیری کریستیی Gayre Christie) لە زانکۆی تەکنەلۆژیای کوینیسلاند لە ئۆستralیادا لێکۆڵینەویەکی چڕوپڕی دەربارەی ئەو مەسەلەیە نووسیوە بە ناوی (ڕۆڵی پۆلیس، بەراوردکارییەک لە نێوان پۆلیسی پیاو وپۆلیسی ژن) ، کە من حەز دەکەم ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بکەم کە لە ئاکامی باسەکەیدا ئاماژەم بوو کردوون.:

یەک: پۆلیسی ژن زۆر سەرکەوتووتر لە پۆلیس پیاو لە ئەنجامدانی ئەرک و کارەکانیان، ئەوەش بۆ دووهۆکار دەگەڕێتەوە :

الف : هەڵس وکەوت و ڕەفتار و کەسێتی ژن پتر کاریگەریی بەسەر کەسانی دەروویشتی دا هەیە، خەڵک بە گشتی پتر گوێڕایەڵی ئەوانن و فەرمانەکانیان جوانتر و خێراترجێبەجێدەکەن..

ب : ژنان ئەگەر لە پشت پەردەوەش بێ، هەمیشە هەوڵی ئەوە ئەدەن بە پیاوە هاوپیشەکانیان نیشان بدەن کە ئەوان هیچیان لەوان کەمتر نییە و نابێ نێرینەکان بەوە بنازن کە ماسولکەکانی جەستەیان بەهێزتر و قەبەترە. واتا هەمیشە لە کێبرکێیەتی شاراوەدان و هەوڵدەدەن هەرگیز شکستی و نسکۆ و لاوازی لە جێبەجێکردنی ئەرک و کارەکانیان ڕوونەدات..

دوو: پۆلیسە ژنەکان زۆر کاریگەریان هەبووە لە تێکشاندنی دەسەڵاتی پیاوسالاری لە زۆر کۆمەڵگەی دیکەدا، بەدەر لە کۆمەڵگاکەی خۆیان، ئەمەیش تا ڕادەیەکی باش پاشەکشێی بە هێز و دەسەڵاتی پیاوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردووە، ئێمڕۆ دەبینین ژن، سەرۆککۆمارە، وەزیری بەرگرییە, وەزیری ناوخۆیە و سەرهەد و دەرەجەدارە لە هێزی ئاسمانی و وشکانی و دەریایدا.

لێتان ناشارمەوە، کە من نازانم چەندە نووسەر و دەزگا مەعریفی و ڕوشنبیری و زانستییەکانی کوردستان، بایەخیان بە ژن داوە لە چوارچێوەی (پێشمەرگایەتی و کابانیدا)، چ جۆرە لێکۆڵینە وەو توێژینەویەکیان لەو بوارەدا ئەنجامدراوە و بەرنامە و کاریان چییە وچۆنە، شاهیدی دەدەم کە ئێمەی کورد لەم ئان وساتەدا زۆر عەوجە بەو جۆرە لێکۆڵینە و توێژینەوەین، چونکە ڕووبەری جوگرافیای پێگەی ژنانی شەرڤان و چەکدار و پێشمەرگە لە فراوانبووندایەوە دەبێ سەردەمیانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت..

نابێ پێشمەرگە پیاوەکان وابزانن کە پایە و ئەرک و مەزنایەتی ئەوان کەمدەکەینەوە ئەگەر بڵێن، ئەرک و بارگرانییەکانی پێشمەرگە ژنەکان چەندبار قورستر و سەختترە لە هێ ئەوان. بۆچی؟

چونکێ، لە لایەک لەبارەی فیسۆلۆژییەوە پێکاتەی ئۆرگانی جەستەی ژن کەمتر ماسوولکەی تێدایە و ئێسکەکانی وەک هی پیاو پتە و بەهێز نیین. لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا لە تاقیگەیەکی زانکۆیەکدا لە مۆسکو گەیشتنە ئەو ئەنجامە: ( ڕێژەی ماندوو بوون و کەنفتی ژنێکی جلشۆر، ئەگەر (٣) سەعات جل بشوات یەکسانە بە ڕێژەی ماندوو بوون و کەنەفتی جوتیارێک ئەگەر (٦) سەعات بە گا وهەوجاڕ زەوی بکێڵێ.). لە لایەکی دیکەوە، خانەکانی سۆزداری و هەست و عەتف و بەزەیی لە مێشکی ژندا ڕووبەرێکی فراوانتریان هەیە، بۆیە پەروەردەکردنی منداڵ هەمیشە لە باوەشی دایکدا سەرکەوتووتر و شیاوترە بە بەراورد بە باوەشی باوک یا مەسەلەی شیر و مەمکیشی لێ وەدەر بێنین. ئەمە هۆکارێکی گرنگە کە لەسەردەمەکانی پێش زاینەوە ، ژن وەک برینپێچ و پەرستار و سەرپەرشتیار لە بەرەکانی شەڕ و جەنگدا دەستنیشانکراوە و ئەرک و کاری پێسپاردرۆاوە، بڕوانن ئێستاش پەستارەژنەکان لە هەموو نەخۆشخانەکانی جیهاندا زۆرینەن ئەگەر هەر هەمووش نەبن.

بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیز، لە پەیامی بابەتەکەماندا نزیک کەینەوە، با سەرێک بە ماڵەکانی کوردەواری خۆمان دابگرین، لە شاردا، ژنان یان ژنی ماڵن یان فەرمانبەر و مامۆستا. ژنانی ماڵ (٢٤) سەعات دەستیان لەکار دایە و هێشتاش گلەیی لە بەختی خۆیان دەکەن کە کارەکانی ڕۆژانەیان تەواو بۆ مەیسەر نابێ. ژنانی مامۆستا و فەرمانبەریش، شەو ورۆژی خۆیان دابەشکردوو، زۆریان شەوانەی چێشت و ئاشی ڕۆژانە ئامادە دەکەن و جلشۆری و سەرشۆری بۆ خۆی و منداڵەکانیان دەکەن و بە ڕۆژیش کاروبار و ئەرکی سەرشانی خۆیان لە قوتابخانە و فەرمانگەدا جێبەجێ دەکەن، ئەوانیش هەر بە گلەیین کە زۆر ماندوون و دەستیان بە هیچ ڕاناگا. خۆ گەر بچینە لادێیەکانی خۆمان ئەوە هەر لە حاڵی ژن مەپرسە، کە پتر لە پانزدە ئەرک و ئیشی ڕۆژانەی لەسەر شانە.

کەواتە دەبێ بارگرانییەکانی ئەو ژنە چەند بار قورستر بێت کە هە م پێشمەرگەیە و هەم کەیبانوی ماڵ؟

دوو جۆرە پێشمەرگەی ژنمان هەیە:

هێندێکیان تەواوی کاتەکان بە شەووڕۆژ بە درێژای ساڵ چەکبەدەستن و ئەرک و پێشمەرگایەتییان لەسەرە و هێندێکیان لە کاتی دیاریکراودا یان بە گوێرەی ئەرکەکەی واجیبی پێشمەرگایەتی خۆی ئەنجامدەدا. جا لە هەردوو حاڵەتەکەدا بارگرانیی( کابانی و ئیش و کاری پەروەردەکردن)ی هەر لەسەر شانە. چونکە کار هەیە بە پیاوەکەی جێبەجێناکرێ یان لێی نازانێ، بۆ خۆم تاکو ئێستا نەمدیوە پیاوێک لە بەر سێروخوان دانیشتبێ و نانکەری بکات و زۆر بەدەگمەنیش گەسکداری ماڵەکانیان دەکەن و شیردان و منداڵ خاوێنکردن و بێشکەو لایلایەش هەر ئیشی ژنان بووە.

ئەوانە هەموو وادەکەن کە بڵێن، پێبزانین یان نەزانین، ژیانی خێزانی پێشمەرگەی ژندار زۆر جیاوازە لەگەڵ ژیانی خێزانی ئاسایی. چۆن؟

لە خێزانی ئاساییدا ژن تەنیا یەک ماڵی هەیە و بەرپرسی ئەوکارانەیە کە لەچوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی خێزانداریدا بۆی دەست نیشانکراوە، بۆ پێشمەرگەی ژن بەرپرسیاریەتی چەندین ماڵی لە ئەستۆدایە و دەبێ بە گوێرەی ( فەرمانی پێشمەرگایەتی)ش جێبەجێیان بکات و کەمتەرخەمی و وەلاوەنان و گوێنەدان بەو فرمانانە، بۆی هەیە ببێتە مایەی نارحەتی و ماڵوێرانی، تا ڕادەی خیانەتکردن ـ.

ماڵەکانی پێشمەرگەی ژن زۆرن و لە هەر یەکێکیاندا جۆرە ئەرک و چالاکییەکی دەکەوێتە ئەستۆ و دەبێ هەمووشیان جێبەجێ بکات وەک:

ماڵی خۆی و خێزانی، کە بە گشتی، بریتییە لە هاوژین و چەند منداڵێکی تەمەن جیاواز ناوماڵ و کۆمەڵێک ئەرکی ڕۆژانەی خێزانە ئاساییەکانی دیکە.

ماڵی سەربازگا: کە دەبێ بە پۆشاکی فەرمی و بە گوێرەی یاساوڕێسای سەربازیی مەشق و ڕاهێنانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org



بەردەوامی خۆی بکات و واجیبیش بگرێ.

ماڵی سەنگەر: کە ئەمەیان لە هە موویان قورستر و پیرۆزترە، کاتێک بە کرداری بەشداری لە شەردا دەکات و شان بەشانی پێشمەرگەکانی دیکەدا دەجەنگێ.

ماڵی خەستەخانە: ئەو دەبێ بەشداری لە خوولەکانی برینپێچی و پەرستاریدا کردبێ و هەمیشە ئامادەبێ لەم بوارەدا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات

ماڵی فەرمانگە: کاتێک وەک فەرمانبەرێکی مەدەنی لە بواری خۆی، سەربازی، میدیایی، ڕێکخراوەیی، کاردەکات و بە شوێن و کاتەکەوە پەیوەست دەبێ..

ماڵی کارکردن و کارگە: زۆرجار ژنان بۆ بژێوی ژیانیان لە ماڵا دەردەچن بۆ کارکردن و پەیداکردنی نان، وەک کارکردن لە کارگەی چنین و بەرگدروویەتی و نانکردن و ئارایشتکردن ...تاد

ماڵی چالاکییەکان: بەشداریکردن لە کۆڕو کۆبوونە و سیمینار و خۆپێشاندان و کار ڕێکخستنی کاری پێشمەرگایەتیدا..

ماڵی پرسە و خۆشییەکان: کە دەبێ لە کاتی پرسە یان بۆنەی خۆشی وەک بووک گواستنە و خەنەبەندان و منداڵ بوون ...تاد کە پێویستە ئامادەگی و بەشداری تێدا بکەن..

ماڵی زیندان: کاتێک کە ژنان دەکەونە بەر دەست دوژمنان و لە زیندانەکاندا یەخسیر دەکرێن، ئێمڕۆ بە دەیان ژنانی کورد لە زیندانەکانی ڕژێمەداگیرکەرەکانی کوردستان.

ماڵی کەمئەندامان: جا چ پێشمەرگەژنەکە بۆخۆی بە هۆکارێک تووشی نوقوستانی و کەمئەندامیی بووە یان یەکێک(جار هەیە پتر لە یەکێک) لە خانەوادەکەی کەمئەندامە و ئەرکی خزمەتکردنی( خزمەتکردنیان) دەکەوێتە سەر شانی ژنەی ماندوو و کەنەفتی چەکبەشان.

ڕەنگ بێ هێشتاش ماڵی دیکە مابێ و من ئاماژەم پێنەکردبێ، وەک ماڵی قوتابخانە و باخچەی ساوایان وباغچەوانی و باغداری و و شوفێری و کارگوزاریی...تاد

لە کۆتایدا، هەر ئەوەندەم پێدەکرێ کە دەستەونەزەر بەرامبەر پێشمەرگەژنەکان بوەستم و یەکە یەکە دەستی پیرۆزیان ماچ بکەم.

توخوا هەق نییە لە هەموو شارێک پەیکەری پێشمەرگەی ژن ڕوو لەئاسمان بێ و ئێمەش هەر کە بەلایاندا تێپەڕین کرنۆشێکیان بۆ بەرین... خۆزیا

٦/ ٤/ ٢٠١٧ دبلن ـ ئایرلەندا

تێبینی: سەرچاوەکان پارێزراون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەنجترین دیپلۆماتەکانی جیهان کێن؟



وەرگێڕانی :نەسرین حەداد

سیاسەت لە جیهان دا هەمیشە لەگەڵ سیاسەتمەدارانی بە تەدبیر و بەتەمەن دەناسرێتەوەو گرێدراوە.بەڵام لە نێو ئەو کەسانە دا جار جار گەنجەکانیش دێنەسەرکار .بوونی گەنجانێک کە بوونیان لە پلە و پایە بەرزەکان دا کەمتر چاوەڕوان دەکرێت.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی سیاسەت جی پلاس،چەند کەسایەتیەک لە گەنجترین دیپلۆماتەکانی جیهان کە توانیویانە دژبەرانی بە تەجروبەی خۆیان وەلابنێن و بە پلەو پایەی سیاسی گرینگ بگەن ،بریتین لە :

مری بلک

گەنجترین نوێنەری پارلمانی بەریتانیایە لە ماوەی زیاتر لە ٣٠٠ساڵی ڕابردوویە.. ئەو خوێندکارێکی بیست ساڵەیە کە توانی داگلاس الکساندر کە یەکێک لە بەرزترین دامەزرێنەرانی حیزب کریکاری بوو شکست بدا.

پروسکۆیا اورومایس.

کچێکی ٢٢ ساڵەی اوگاندایە ناوبراو یەکێک لە گەنجترین سیاسەتمەدارانی جیهانە کە لە ساڵی ٢٠١٣ لە تەمەنی ١٩ ساڵی توانی پێی بنێتە پارلمانی ئەم وڵاتە ،ئەوتوانی نازناوی گەنجترین سیاسەتمدار وئەندامی پەرلەمانی ئەفریقا بە ناوی خۆی تۆمار بکات.

سباستین کورتس

خوێندەوار لە ڕشتەی حقووق و ئەندامی حیزب خەڵکی ئوتریشە .ئەوبەدوای هەڵبژاردنی پارلمانی ئەم وڵاتە وەک وەزیری دەرەوەی ئوتریش هەڵبژێردرا کە ئەوکات تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو، لە دیسامبری ساڵی ٢٠١٣ هەڵسوراندنی ئەم وەزارەتخانە گرینگەی بە ئەستۆوەبوو. ئەو لەنێو وەزیرەکانی دەرەوەی ئورووپا توانی لە نێوان ئەوکەسانەی کە نێونجی تەمەنیان زیاتر لە ٥٠ ساڵ بوو، نەخشی خۆی بخولقێنێ.

توولیل

ساڵی ١٩٨٥ لە نۆرویژ لە دایک بووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ وەکوو شاجوانی وەڵاتەکەی هەڵبژێردراو لە هەمان کات لە ئورووپا ناوبانگی دەرکرد . توو چالاکی خۆی وەک مودل دەست پێکرد بەلام ئێستا بڕیاری داوە کە تێکەڵ بە سیاسەت بێت. ئەو وەک سکرتێری ڕێکخراوی لاوان لە نۆرویژ چالاکە و وەک جوانترین ژنی سیاسەتمەداری وەڵاتەکەی هەڵبژێردرا.

محمدبن سلمان

لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٠ی زایینیە، هەڵگری بڕوانامەی حقووقە لە زانکۆی مەلیک سعوود لە ڕیاز


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کارناسی له رشته‌ی پیوه‌ندیه نێوده‌وڵه‌تیه‌کان له زانکۆی "جورج تاوان"ی ئه‌مریکا وه‌رگرتووه .ئه‌و کوڕی پاشای عه‌ره‌بستانه وله‌لایه‌ن مه‌له‌ک سه‌لمان وه‌ک وه‌زیری به‌رگری دیاری کراوه . محمدبن سه‌لمان به گه‌نجترین وه‌زیری به‌رگری دونیا ناوبانگی ده‌رکرد . محمدبن سه‌لمان له‌ساڵی ٢٠٠٧ وه‌ک راوێژکاری رێکخراوی کارناسانی ده‌وڵه‌تی عه‌ره‌بستان ودوایی وه‌ک راوێژکاری تایبه‌تی سلمان بن عبدالعزیز حاکمی ئه‌وکاته‌ی ناوچه‌ی ڕیاز دانراوه.

حه‌نا ره‌بانی

حه‌نا ٣٧ ساڵه له ١٩ی نوامبری ساڵی ١٩٧٧(٢٩ی خه‌زه‌ڵوه‌ری ١٣٥٦) ی هه‌تاوی له ناوچه‌ی خار رۆژئاوای ناوچه‌ی موڵتان له هه‌رێمی پنجاب له‌دایک بووه. ئه‌و سیاسه‌تمه‌دارێکی پاکستان و وه‌زیری کاروباری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و ولاته‌یه که له مانگی ژوئیه‌ی ساڵی ٢٠١١ ئه‌م کاره‌ی پێی سپێردرا.ئه‌و گه‌نجترین شه‌خس و یه‌که‌مین ژنه که بۆ وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی پاکستان دانراوه. له ساڵه‌کانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٨ وه‌ک نوێنه‌ری ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی خه‌ڵکی پاکستان هه‌ڵبژێردرا و له نێوان ساڵه‌کانی ٢٠٠٨تا ٢٠١١ وه‌زیری کاروباری ئابووری و ماڵی ئه‌م وه‌ڵاته بوو.

عادل التەریفی

٣٥ ساڵه‌یه‌و وه‌زیری که‌لتوور و راگه‌یاندنی وه‌ڵاتی عه‌ره‌بستانه له ١٩ ی ئاوریل ١٩٧٩ له شاری بریده چاوی به دونیا هه‌ڵێنا . ئه‌و بروانامه‌ی لیسانسی له ئه‌ندازیاری هه‌یه التەیریفی پێش ئه‌وه مودیری یه‌که‌می کاناڵی ئه‌لعه‌ره‌بییه بووه وه‌ک لێکۆله‌ر و کارشناسی سیاسی له‌کاناڵه ماهواره‌کانی عه‌ره‌بی و نێوده‌وڵه‌تی سه‌رقاڵ بووه‌و سه‌رنووسه‌ری شه‌رق ئه‌لئه‌وسه‌ت ومجاهید مجله بووه. پێش له‌وانه چاپی هه‌ردوو گۆڤاری الوطن و الریاضی بووه و دوکتۆرای له رشته‌ی په‌یوه‌ندییه نێو نه‌ته‌وه‌ییه‌کان له زانکۆی ئابووری و زانستی سیاسی له‌نده‌نی هه‌یه .

فرێدریکا مورگینی

له‌دایک بووی ١٦ی ژووئه‌نی ١٩٧٣ له رۆمایه ، ئه‌و ساڵی ٢٠١٤ له جێگای کاترین ئه‌شتۆن وه‌ک نوێنه‌ری پایه به‌رزی یه‌کیه‌تیی ئه‌وروپا له سیاسه‌تی ده‌ره‌کی و کاروباری ئه‌منیه‌تی هه‌ڵبژێردرا.ئه‌و خوێندنی خۆی له رشته‌ی فه‌لسه‌فه‌ی سیاسی له زانکۆی ساپیتزارم ته‌واو کرد تێزی کۆتایی له‌م رشته‌یه‌دا (په‌یوه‌ندی سیاسه‌ت و دیانه‌ت له ئیسلام ) دا بووه. فریدریکا له ته‌مه‌نی ١٥ ساڵی دا بوو به ئه‌ندامی رێکخراوی لاوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا. له ساڵی ٢٠٠١ بوو به ئه‌ندامی شوڕای میللی حیزبی چه‌پی دێموکڕات و له نێنه‌رانی ره‌وابتی په‌یوه‌ندییه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی حیزبی سۆسیال دێموکڕات دا تێکۆشانی هه‌بووه و له‌سه‌ر پرسی پێوه‌ندیدار به بره‌ودان به ئاشتی خۆرهه‌ڵاتی ناوین و په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئه‌حزابی سۆسیالیستی ئوروپاو ئه‌مریکا دا چالاک بوو. به دامه‌زراندنی حیزبی دێموکڕاتیکی ئیتاڵیا له ساڵی ٢٠٠٧ مورگینی له ده‌فته‌ری سکرتێری حیزب والترولترونی، سه‌رقاڵی کار بوو و له ساڵی ٢٠٠٨ وه‌ک نوێنه‌ری پارله‌مانی ئیتاڵیا هه‌ڵبژێردرا . موگرینی له فورییه‌ی ٢٠١٣ وه‌ک وه‌زیری کاروباری ده‌ره‌وه له کابینه‌ی ماتئورنتسی هه‌ڵبژێردراو له ساڵی ٢٠١٤ نوێنه‌ری پایه به‌رزی یه‌کیه‌تیی ئه‌ورووپا له سیاسه‌تی ده‌ره‌وه و کاروباری ئه‌منیه‌تی بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# رۆڵی ژنان لە سیاسەتدا



نووسین :سروە فەتاحی

قورسایی ژنان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا تا چ رادەیەکە؟ ئەرک و دەسەڵاتەکان لە کۆمەڵگەدا بە پێی چ پێوەرێک دابەش دەکرێت؟ ژنان نیوەی کۆمەڵگە پێک دێنن، ئایا لە راستیدا هەر لەو ئاستەدا بەشدارن لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکاندا؟ لە دونیای پێشکەتووی ئێستادا تا تارادەیەکی بەرچاو هەڵاواردنەکان نێوان رەگەزی ژن و پیاو ناسراون و بەشیک لە وڵاتانی دێموکرات هەوڵیان داوە کە لە باری یاساییەوە ئەو هەڵاواردنانە بن بڕ بکەن و هەروەها بە سەدان رێکخراوی ناحکوومی لە سەرتاسەری جیهان لە هەوڵدان تا رێگەخۆشکەر بن بۆ لەناوبردنی هەڵاواردن دژی ژنان و بەشدارکردنی هەرچی زیاتریان لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکاندا.

ئەوەیکە روون و بەرچاوە کێشەی ژنان تەنیا نەبوونی یاسا و رێسای گونجاو نیە، بەشیکی بەرچاو لەو تەنگ و چەڵەمەیەی کە لە بەردەم ژناندایە دەگەڕێتەوە بۆ عەقلییەتی پیاوسالاری کە لە رابردوودا جێی گرتووە و وەکوو زێهنییەتێکی مێژوویی کۆمەڵگەی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، بۆ لەناوبردنی ئەو دیاردەیە کات و بەرنامەیەکی تۆکمە و چرووپڕ پێویستە. لەباری فکرییەوە ژنانێک وەکوو"هانا ئارنت" و "رۆزالوکزامبۆرگ" شوێن پێیان دیارە لە ئەندیشەی سیاسی سەدەی هاوچەرخدا، لە باری پراکتیکی سیاسیشدا هەرچەند کە ژنان لە هەندیک وڵات ئەزموونیکی سەرکەوتووانەیان بووە بۆ بەڕێوەبردنی وەڵات بەڵام تا ئێستاش لە باری ئامارییەوە رادەیەکی زۆرکەمترن لە پیاوان ئەویش لە وڵاتانی پیشکەوتوو و دێموکراتدا، "مارگریت تاچر" سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و "ئانگلا مرکل" سەدری ئەعزەمی ئاڵمان رەنگە سەرکەوتووترین ژنانی رۆژئاوایی بن کە هەرکامیان توانیویانە بۆ سێ جار متمانەی خەڵکەکەیان بەدەست بێنن بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیان، لە بەرانبەردا دەبینین لە وڵاتانی وەکوو فەرانسە و ئامریکادا، سەرەرای هەموو یاسا دیموکراتیکان، تا ئێستا هیچ ژنیک نەیتوانیوە سکانی بەڕێوەبردنی وڵات بە دەست بگرێت و "هیلاری کلینتون" و "ماری لۆپن" ژنانێک بوون کە لەم وڵاتانە توانیویانە تەنیا وەکوو رەقیبێک لە بەرانبەر پیاواندا سەر هەڵبێنن، بەڵام نەیانتوانیوە کۆدەنگی خەڵک بە دەست بێنن بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرۆک کۆماری. لێرەدا روون و ئاشکرایە کە سەرەرای بوونی یاسا، عەقلییەتی پیاو سالارە کە بەداخەوە بەسەر بەشیکی بەرچاو لە ژنانیش دا زاڵە و رێگە لە سەرکەوتنی ئەوان دەگرێت لە کێبڕکێی هەڵبژاردن دا.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له وڵاتانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناڤین
دا هەڵومەرجی سەرکەوتنی سیاسی بۆ ژنان زۆر نالەبارترە و تەنیا دوو نموونەمان هەیە کە ژنان توانیویانە بە بەرزترین ئاستی حووکمرانی وڵات بگەن، "تانسوا چیلر" تەنیا سەرۆک وەزیرانی مێژوویی تورکیەی لاییکە و "بینەزیر بۆتۆ"ش وەکوو تەنیا سەرۆک وەزیری ژن لە مێژووی وڵاتی موسڵمانی پاکستانە. بەربەستی یاسای بنەڕەتی لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئیسلامیی، گەورەترین بەربەستە لە سەر ڕێگەی ژنان بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، بۆ نموونە لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا یەکێک لە مەرجەکانی بەربژێری بۆ سەرۆک کۆمار ڕەجاڵی سیاسی بوونە، کە بە ئاشکرا ژنان بێبەش دەکات لە بەشداری ڕاستەوخۆ لەم پرۆسەیەدا، بەربەستە یاساییەکان کە خۆی لە خوێندەوەی پیاوسالارانە لە ئایین و مەزهەب سەرچاوە دەگرێت بۆتە هۆکارێک کە هەڵاواردنی ڕەگەزی لە بوارەکانی دیکەیش وەکوو چاند و هونەر وکولتور ڕەوتیکی ئاسایی بگرێتە خۆیَ و تەنانەت کاریگەری ڕاستەو خۆ بکاتە سەر ناخی ژنان و هەستی بڕوا بە خۆبوون لە ناخی ئەواندا بکوژێت، تا جێگایەک کە دەبینین تەنانەت لە پلەکانی خوارتری بەشداری لە پرۆسەی سیاسی دا وەکوو نوێنەرایەتی پارلمان و شوورای شاریش ڕۆڵی ژنان لە جەریانی خۆ بەربژێرکردن و تەنانەت دەنگدانیش زۆر کەم ڕەنگە، ڕەوتی بیرۆکەی پیاو سالار تەنانەت دەستی کێشاوەتە سەر ئێلیتی کۆمەڵگاش، پارتە سیاسیەکانی وەڵاتە ئیسلامییەکان بە گشتی، هەرچەند خۆیان بە سکۆلار بزانن بەڵام نەیانتوانیوە خۆیان لە ژێر باندۆڕی نەریتی دواکەوتوو دەرباز بکەن و هێشتا ڕادەی ژنان لە ئاستی سەرەوەی بەڕێوە بەری ئەو حزبیانە بە بەراوەرد لەگەڵ پیاوان زۆر کەمە، ژنان لەم بەشە لە جیهاندا هێشتا ڕێگەیەکی درێژیان لە بەردەمدایە بۆ گەییشتن بە هەموو مافەکانیان و یەکم هەنگاویان لەم بارەیەدا دەتوانیَ هەوڵدان بۆ بە توانا کردنی ژنان و پەرە پێدان بە هەستی بڕوا بە خۆکردنیان بێت تابتوانن ئاستەنگەکانی بەردەم سەرکەوتنیان لە ناو بەرن.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# زیادبوونی کێش لە ماوەی دوو گیانی

ئامادەکردنی:تامان محەمەد

زیادبوونی کێش لە ماوەی دوو گیانی دا بە خواردنی خۆراکی تەندروست هاوسەنگ نیشانەیەکی باشە لە نیشاندان کە کۆرپەلەکەت لە بارێکی باش دایە لە وەرگرتنی خۆراکی پێویست بۆ گەشەیەکی تەندروست. پێویست ناکات لە جیاتی دووکەس نان بخۆیت لەکاتی دوو گیانیدا، راستە تۆ پێویستت بە گەرمۆکی وزەی زیاتر هەیە لە خۆراکی دەوڵەمەند بۆئەوەی یارمەتی گەشەیەکی تەندروستی کۆرپەلەکەت بدەیت بە گشتی هەر دووگیانێک پێویستی بە ١٠٠تا ٣٠٠ گەرمۆکی زیاد هەیە لە ماوەی دووگیانیدا بە بەراورد لەگەڵ پێش دووگیانبوون. بەڵام عەمەش جێگیر نییە. پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکرێت بۆ دەستنیشان کردنی تەواو گونجاو ئافرەتێکی کێش مامناوەند پێش بە دووگیانبوون، بە نزیکەی ١١ بۆ ١٥ کیلۆگرام زیاد دەکات لەکاتی دووگیانبوون. ئافرەتانی کێش کەم پێش دووگیانبوون بە نزیکەی ١٢،٥ بۆ ٢١ کیلۆگرام زیاد دەکەن لە کاتی دووگیانبوون. بەڵام ئافرەتانی کێش زیاد پێش بە دووگیانبوون ، نزیکەی ٧ بۆ ١٢ کیلۆگرام زیاد دەکەن لەکاتی دووگیانبوون. بە گشتی پێویستە تۆ لە سێ مانگی یەکەم ١ پاوەند واتە نزیکەی نیو کیلۆگرام زیاد بکەیت، بەڵام ئەگەر بڕوات وایە جمکەت هەیە ئەوا دەبێت بە نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ کیلۆگرام زیاد بکەیت لەکاتی دووگیانی. سەرچاوەی زیادبوونی کێش لە کاتی دووگیانی بریتییە لە : (کۆرپەلە ٣،٥کیلۆگرام، ریلاش١،٣ کیلۆگرام، گەورە ببونی منداڵدان ١بۆ ٢ کیلۆگرام سەرچاوەی خوێن ١،٨ کیلۆگرام چەوری خەزن کراوە ٤بۆ٢،٢ کیلۆگرام دوای دووگیانی زۆری ئەم زیادی کێشانە نامێنن، بەڵام بۆ گەڕانەوەی باری لەش بۆ پێش دووگیانبوون ٢تا٤ مانگ پێویستە هەروەها دابەزینی کێش دوای دووگیانی نەک تەنها شتێکی ئەستەم نییە بەڵکو گرانیش نییە بەڵام پێویستی بە وەرزش و ڕێکخستنی خۆراک و ئارامی هەیە بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێنەدراوەدا ببەزێندرێت ، لە کاتی دووگیانی- بڤەیە. هەردووکتان (تۆ لەگەڵ کۆرپەلە) پێویستیان بە خۆراکی تەواو هەیە، بۆ ئەوەی لە بارێکی تەندروستدا بن ئەگەر تۆ کێشێکی زۆرترت زیاد کرد لە کاتی دووگیانی (زیاتر لەوەی بە باش زانراوە) لەسەرەتای دووگیانی هەرگیز هەوڵ مەدە بۆ دابەزاندنی کێش. دڵنیابە لە خواردنی خۆراکی هەمەجۆر بۆ وەرگرتنی نرخی خۆراکی پێویست بۆخۆت و کۆرپەلەت، بەڵام لێرەدا چەند ئامۆژگارییەک دەخرێتە بەر دیدی خوێنەران بۆ هێواش کردنی زیادبوونی کێش(١-چەوری کەم کەوە لە خۆراک،٢-شیرنەمەنی و خواردنەوە شەکرییەکان کەم بکەوە) بەهیوای تەندروستیەکی باش بۆ هەموو دایکێک.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کاریگەری وەرزش لە سەر پیوەندی نێوان گەلان



نووسین:رەحیم ئەحمەدی

لە پاش ساڵی ١٨٩٦ کە بیرۆکەی گشتگیر کردنی وەرزش لە لایەن «بارۆن پیردۆ» ی فەرانسەوی هاتە ئاراوە، زۆربەی بیرمەندانی وەرزشی جیهان کۆک بوون لە سەر ئەوەی کە نێوەرۆک و جەوهەری وەرزش، تەندروستی ، دەرەتانی کار، جووڵە وبزاوت ، دەرخستنی مێژوو کولتووری گەلان، سەرچاوەی داهات، پەروەردە،دروست کردنی تاکی بلیمەت یان ئەستێرە و... بێت. هەر بۆیە فیدراسیۆنە نێودەوڵەتیەکانی وەرزش رێگە نادەن کە دەسەلاتی سیاسی دەستێوەردان لە کار و چالاکیەکانی ئەواندا بکات. گشتگیر بوونی وەرزش لە وسەردەمەدا وایکردووە کە خەڵکانی دنیا بە هەموو پێکهاتەکانییەوە ، هەر لە ڕەش وسپی ، دەوڵەمەند وهەژار، پیر و لاو بە گشتی ، گەورەو بچووک بە هەستیارییەوە بروانە رووداو و دەرەنجامەکانی وەرزش. کاتێک یانە،یان هەڵبژاردەیەکی وەرزشی سەرکەوتنێکی بەر چاو لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتیدا دەستەبەر دەکات، مێدیا وەرزشییەکانی وڵاتان هەوڵ دەدەن جیا لە چۆنیەتی بە دەستهێنانی سەرکەوتنە وەرزشییەکە ، بۆ ماوەیەک تیشک بخەنە سەر داب ونەریتە جوانەکانی جەڵکانی دانیشتووی ئەو ناوچەیە و باس لە جوگرافیا، مێژوو،کولتوور، زمان ، داب و نەریت و دەیان شتی لەو بابەتە کە دەکەونە بەر چاوی کامێراکانەوە.بۆ نموونە؛ « خوان گە مپێر « دامەزێنەری یانەی بارسا لە ساڵی ١٨٩٩دا هەوڵی دا لە رێگای یانەی جەماوەری بارساوە هاواری حەقخوازانەی نەتەوەی کەتەلۆنیا هەڵکەوتوو لە ولاتی ئێسپانیا بە گۆی رای گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بگەیە نێت، کە ئەم شێوازە لە

خەباتی رەوای رزگاریخوازی کەتەلۆنییەکان تاکوو ئێستاش هەر بەردەوامە،بە مەبەستی دەستەبەر کردنی سەربەخۆیی هەرێمی کەتەلۆنیا و ئالای بزووتنەوەی رزگاری خوازی کەتەلۆنییەکانیش هەر شەکاوەیە. وەرزش هەمیشە لە بە دیارخستنی کولتوور و مێژووی گەلاندا رۆڵی سەرەکی هەبووە. لە راستیدا دەکرێ بڵێین بە بوونی کاریگەری وەرزش و دەرنجامە جوانەکانی لەو سەردەمەدا بۆتە بالیۆزی گەلان و وڵاتان. بەو هیوایە ئێمەی کوردیش رۆژێک هەوڵ بۆ بە جیهانی کردنی وەرزش بدەین، تاکوو خەڵکانی جیهان بزانن زیاتر لە ٤٠ میلیون مرۆڤی کورد لە سەردەمی بە جیهانیبووندا بۆ حاشا لێکردن نابن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# «پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ نوامبەر رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ژنان»

توندووتیژی دژ بەژنان دیاریدەیەکی جیهانییەو تایبەت نیە بە ولات و کلتوورو ئاینێک بەلکو هەموو جیهان دەگرێتەوە ،بۆیە بنبرکردنی پێویستی بەخەباتێکی جیهانییە، خەبات و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و ئەوەی کە مرۆڤەکان بە پێی رەگەز دەستەبەندی نەکرێن و هەر بەو بیانوویە نەکەونە بەر ئازار و هەرەشە و توندووتیژی پێویستی بە نەزمو دیسپلینێکی تازە هەیە بۆ بەدەست هێنانی ئەوەش پێویستی بە خستنەگەری تواناکانی خۆمانە. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ١٧ ئۆکتۆبەری سالی ١٩٩٩ رۆژی ٢٥ ی نوامبەری هەموو سالێکی وەک رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کرد، بەهۆی کوژرانی سێ خوشک پێکەوە لە میرابال کە داخوازیکەری یەکسانی رەگەزی بوون.ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە توندووتیژی تایبەت بە وڵاتێک یا ناوچەیەک نیە، بەگشتی لە ئاستی جیهاندا توندووتیژی زۆرە بەتایبەت بەرامبەر بە ژنان ،لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکان بەتایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی کە تا ئێستاش ئاین و کلتوور دەوری سەرەکی دەگێرن لە هەموو پەیوەندیاکانی مرۆڤ دا توندووتیژی بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە ئەمەش بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ ژن وەک بوونەوەرێکی لاواز و بێ دەسەڵات ژیاوەو هەر ئەوەش وای کردووە کە لەمەترسی توندووتیژی دابێت. پیاوانیش بەهۆی ئەوەی کە هەمیشە خاوەن دەسەلات و هێز بوون چ لەنێو ماڵ و چ لەدەرەوە هەموو هێزو دەسەڵاتێکیان هەبووە، هەروەها ئاینیش ئەو هێز ودەسەڵاتەی بۆ پتەو کردوون ، بەو هۆیەوە جۆرێک کلتوور دروست بووە کە بە ئاسانی ناتوانرێ لەکۆمەڵگا لاببرێت ئەویش کلتوورو فەرهەنگی پیاوسالارییە کە ژن بە لاواز و کەم هێز چاولێدەکات. لە سەرتاسەری جیهان و لە رادەی جۆراوجۆردا

ئەم دیاریدە دژە ئینسانییە چ بەشێوەی لێدان و سوکایەتی پێکردن ودەست درێژی جنسی و باقی جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی خۆی دەردەخات وئاسەوارە نێگەتیڤەکانی لەسەر رۆح و رەوانی ژنان خۆی دەنوێنێ. سیمای دزێوی توندووتیژی لە ئازارو ئەشکەنجەی ژنان هەر لەمنداڵیەوە دەست پێدەکات لەهەر زەمەنێکدا بەسەرنجدان بە پێکهاتەو بارودۆخی ژنان لە نێو کۆمەلگادا دەگۆردرێ وپێناسەی فرە چەشن لەخۆ دەگرێ. توندووتیژی لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی تایبەتمەندی خۆی هەیە ،ئەگەر لە کۆمەڵگاکانی دیکە کلتوورو هێندێک داب ونەریتی توندووتیژی بەدژی ژنان پەرەیان پێدەدرێ ،لە کۆمەڵگای ئێران دا ئەوە سیستمی دەسەڵاتداریتی زۆرترین توندووتیژی دژی هەمووتاکەکان و بەتایبەت ژنان بەکاردەهێنێ ، بەئاشکرا لەیاساکانی کۆماری ئیسلامیدا مافی ژن پێشێل کراوەو وەک کەسێکی پلە دوو چاو لێدەکرێت. سەنگسار کردنی ژن و حیجابی زۆرەملێ نەبوونی مافی جیابوونەوە و زۆر شتی دیکە لە پێناسە سەرەکیەکانی دژە ژنبوونی کۆماری ئیسلامییە ، هەربۆیە دەوڵەت و یاسا رۆلی سەرەکی دەگێرن لە پەرەپێدانی توندووتیژی چونکە بەرەسمی و بە یاسا توندووتیژی لە کۆمەڵگادا نەهادینە کردووە ئەمەش بۆتە رێگرێکی گەورە لەبەردەم خەبات دژی توندووتیژی .بۆیە سیستمی دەسەڵاتداریتی و یاسا دەوری گرنگیان هەیە، لە هەر کۆمەڵگایەک بۆ بەجێ هێشتنی فەرهەنگ و کلتووری نوێ بەداخەوە لە ئێران نە سیستمی دەسەڵاتداریتی و نە یاسا هیچ کامیان لەخزمەت بردنەسەرەوەی ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگا نین بەڵکو یاساکانی کۆماری ئیسلامی پر لە هەڵاواردنن دژی ژنان و بە ئاشکرا مافەکانی تاک بەگشتی و ژنان بەتایبەتی تێیدا پێشێل کراوە رۆژانە لە ئێران بەبەرچاوی خەڵکەوە خەڵک ئێعدام دەکرێت


کتێبخانەی دیجیتاڵی ژمارە ٤٥
www.rabari.org

،سووکایەتی بەژنانی بێ حیجاب دەکرێت ،هەموو ئازادیە تاکەکەسیەکان زەوت کراون ، میدیاو راگەیەنراوەکانیش لەخزمەت بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتداران دان ،ئەمەش وادەکات چ سیستمی پەروەردە چ میدیا چ یاساو کلتوور هەموو بەرهەمهێنەری توندوتیژی بن و بەردەوام دووبارە بکرێنەوە.

بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی تاک بەگشتی و مافەکانی ژنان بەتایبەتی ئەرکی هەموو ڕێکخراو و NCO کانە کە لەو راستایەدا کار بکەن بۆ نەمانی هەر جۆرە هەڵاواردنێکی رەگەزی وهێنانەدی یەکسانی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی دا.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان خەبات دەکات دژی هەرجۆرە توندوتیژیەک دژ بەژنان، لەم پێوەندییەدا هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری ئەو دیاریدەیەی داوەو لە هەمانکاتدا هەمیشە لەپێناو وشیار کردنەوەی ژنان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان لە چالاکی جۆراوجۆردا خزمەتی کردووە .

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

٢٢ نوامبری ٢٠١٦ زایینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس



ژنانی ئازادیخواز و دەروەستی نەتەوەی کورد

بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە ئێوە بەشدارانی ئازیز، یەکسانیخوازانی ژن و پیاو لە سەرانسەری جیهان و بە تایبەتی ژنانی کورد دەکەین .

بەڕێزان :

خەبات بۆ ئازادی و وەدیهاتنی دادپەروەری و ڕێز گرتن لە بەها مرۆڤایەتیەکان مێژوویەکی دوور و درێژ، پڕ کەند و کۆسپ و پڕ لە گیانفیدایی و قوربانیدانی هەیە، لەو نێوانەدا خەباتی ژنان بۆ وەدستهێنانی سەرەتاییترین مافەکان و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان بۆ ژن و پیاو، گەلێک لاپەرەی زێرینی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار کردووە.

یەکێک لەو رۆژە مێژووییانەی کە ژنان بە گشتی و پیاوانی پێشکەوتوو و هەڵگری بیری نوێخواز، لەچوارچێوەی خەباتی ژنان لە پێناوی سەربەستی و یەکسانیدا بەرزی دەنرخێنن، رۆژی ٨ مارس، رۆژی جیهانی ژنانە..بە ئاوڕ دانەوەیەکی کورت لەم یادە، ئەو راستیەما

...ن بۆ دەردەکەوێت کە دیاری کردنی ئەو رۆژە بۆ رۆژی نێونەتەوەیی ژنان بە چەندین قۆناخو لە هەلو مەرجی دژوار دا بڕیاری لەسەر دراوە.

لە وەها رۆژێکدا، لە ساڵی ١٨٧٥ی زایینی، ژنانی کرێکاری کارخانەی رستن و چنینی شاری نیویۆرکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە کەمیی موچە ، رێپێوانێکی هێمنانە بەڕێوە دەبەن و بەداخەوە پۆلیس بەروورووبان دەبێتەوە و کۆمەڵێکیان لێبریندار دەکات و کۆمەڵێکیان لێ شەهید دەکەن،. لەو ساڵە بەدواوە ئەم حەرەکەتە بەردەوام پەرە دەستێنێت تاکوو ساڵی ١٩٧٧ ، یونسکۆ رۆژی ٨ی مارس، وەک رۆژی نێونەتەوەیی ژنان رادەگەینێت و لەو ساڵەوە هەتا ئێستا بەم بۆنەیەوە رێز لە ژنان و خەبات و تێکۆشانیان دەگیردرێت.

لەکاتێکدا ئەم ساڵ یادی ٨ی مارس دەکەینەوە کە ژنانی ئێران بەگشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەشن و لەوەش زیاتر ژنانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران وەک شارومەندی پلە ٢ لێیان دەڕواندرێ. لە یاسای بنەرەتی حکوومەتی دواکەوتووی ئێراندا، دەیان قەید و بەند بۆ ژنان دانراوە کە لە سەرەتاییترین مافە ئینسانیەکان بێبەشیان دەکات. بەڵام بە لە خۆبوردوویی ژنانو کچانو بەرخۆدانو تێکۆشانیان بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، سەرکەوتوو نەبوە، بۆیە پێویستە بە ئومێدی زیاتر بڕوانینە خەباتی مەدەنیو چالاکییە بوێرانەکانی ژنان لە هەموو بوارەکانی نێو کۆمەڵگای داخراو لە ئێران دا.

ئەمرۆ رۆژی پەیمان تازە کردنەوەیە بۆ خەبات بۆ ئازادی ومافەکانی ژنان . مەعلومە ئەم رۆژە رۆژی خەباتی بزوتنەوەی ژنانە دژ بە چەوسانەوەی نیزامی سەرەرۆیانەی سەرمایەداری کە لە ئەمریکا ژنان هەقدەستیان پێ نەدەدان و مافیان دەخوورا. بەڵام بەداخەوە ئەمرۆکە تەنها ژنان لە رووی چینایەتیەوە بێ مافیان پێ ناکرێت بەڵکو ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن و دەکوژرێن . چەوسانەوەی ژنان لە کۆمەڵگاکاندا جیاوازە و بەشێوازی جۆراجۆر سوکایەتیان پێ دەکرێت یان دەکوژرێن .

دەکرێت هەموو رۆژەکان بکەینە رۆژی نارەزایەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی ژمارە ٤٥
www.rabari.org

دژ به چەوسانەوەی ژنان ، بەڵام ئەمرۆ وەک رۆژێکی مێژووی سەیر دەکرێت ولەم رۆژەدا ، ژنان وپیاوانی یەکسانی خواز لەم رۆژەدا پەیمان تازە دەکەنەوە دژ بە چەوسانەوەی ژنان خەبات بکەن و هەموومان لەم ریگایەدا هەوڵ دەدەین تا مافەکانی ژنان دەستەبەر نەبێت ، نەوەستین .

بەڕێزان :

ژنانی کورد سەلماندوویانە کە تێکۆشان بۆ ئازادی و رزگاریی خۆیان لە چەوسانەوە و بێبەشی، بە بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی گەلەکەیان بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی دەزانن، هەربۆیەش لە ریزی حیزبە سیاسییەکانی کورد رێکخراوە ناحکوومییەکان و بەگشتی لەهەر مەجالێکدا بۆیان بگونجێ، شان بە شانی پیاوانی کورد فیداکاری دەکەن و قوربانی دەدەن.

ئێمە وەک یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لەو یادە پیرۆزەدا وێرای بەرز نرخاندنی خەبات و تێکۆشانی ژنانی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی رادەگەینین کە پێویستە ئێمە ژنانی کورد یەکگرتووانە و کۆڵنەدەرانە، بە جیاوازی فیکریەوە، لە رێگای وەدەستهێنانی سەرجەم مافە نەتەوەیی و ئینسانیەکانمان هەنگاوەکانمان شێلگیرتر لە رابردوو هەڵگرین و ئاواتەخوازین بە هاوکاری سەرجەم ژنان و پیاوان و رێکخراوە مودێرن و پێشکەوتوخوازەکان کۆمەڵگایەکی یەکسان و پڕ لە جوانی بنیات بنێین.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

٨ی مارسی ١٣٩٥ی هەتاویی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەممە، ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتی ژنان




سەرەتا بە بۆنەی ٧١ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی پیشکەش بە هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی ژنانی مافخوازی کوردستان و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی ژنان دەکەم.

٧١ ساڵ بەر لە ئێستا لە هەل و مەرجێکی سیاسی مێژوویی تایبەتدا کە بۆ جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات دا رەخسا و بەرهەمەکەی بوو بە دامەزراندنی یەکەمین کۆماری دیموکڕاتیکی کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر قازی محەممەد. کۆماری کوردستان لە ماوەی ١١ مانگی دەسەڵاتی پڕئەزموونی خۆیدا گەلێک دەستکەوتی گەورەو بە نرخی لە مێژووی رزگاریخوازی نەتەوەکەماندا تۆمار کرد. یەکێک لەو دەستکەوتە بەنرخانە دامەزراندنی رێکخراوی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان بوو.

دامەزراندنی رێکخراوی تایبەت بە ژنان لەو سەردەمە دا کە کۆمەڵگای ئێران بە گشتیو کۆماڵگای کوردستان بە تایبەتی زۆر سوننەتی و لە باری فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو سیاسیەوە لەو پەڕی دواکەوتوویی دابوو، وەک دەرفەتێکی زێڕین لە بەر دەم ژنانی کورد دا کرایەوەو ژنان توانیان بۆ یەکەم جار داخوازییەکانی خۆیان بێننە گۆڕێو لە تەشەکولی تایبەت بە خۆیان دا بۆ ئامانجەکانیان تێکۆشن.

هاوکات دامەزراندنی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان لەو هەلو مەرجە سیاسیو کۆمەڵایەتیەی ئەو کاتدا بە وەرچەرخانێکی مێژوویی گرینگ و نوێ لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردو بەتایبەتی خەبات و تێکۆشانی ژنان دێتە ئەژمار. ئامانجەکانی دامەزراندنی ئەم رێکخراوەیە هەوڵدان بوو بۆ رێکخستن و گەشە پێدانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ژنان و هاندانیان بۆ بەشداری کردنی چالاکانە لە پرسە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکاندا.

جێی خۆیەتی لەو بۆنە پیرۆزە دا سەری رێزو وەفا بۆ دامەزرێنەری یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای

نەمرو مەرحوومی مینا خانمی قازی یەکەم بەرپرسی ئەو رێکخراوەیە دانەوێنین.

ژنانی مافخوازو تێکۆشەر!

لە کاتێکدا یادی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان دەکەینەوە کە جیهان بە گشتیو رۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەتی، بە قۆناغێکی سەختو دشوار دا تێدەپەڕێ. تێرۆریزمی نێودەوڵەتی لە ژێر ناوی جۆراجۆر دژایەتی هەموو نەتەوەو ئایینێک دەکاو لە هەر جۆرە کردەوەیەکی دژی ئینسانی کەڵک وەردەگرێ. کوشتو کوشتاری خەڵکی بێدیفاع لە لایەن ئەو رێکخراوە تێرۆریستانەوە بۆتە هۆی کۆچی بە کۆمەڵی مرۆڤەکان بە تایبەتی لاوەکان. بارودۆخی ناوچەی رۆژهەڵات بە ئاقارێک گەیشتوە کە دەوڵەتەکان تەنانەت بیر لە گۆڕینی نەخشەی جۆغرافیایی ناوچەکە بکەنەوە. خەبات و تێکۆشانی ژنانی جیهان شکڵێکی نوێی بە خۆیەوە گرتوە و ژنانی کورد زیاتر لە پێشوو لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لە مەیدان دانو لە هەموو دامەزراوەکان رۆڵی بەرچاو دەگێڕنو شان بە شانی پیاوان بەرەو پێش دەرۆن.

هاوکات خەباتی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای بەربەستەکانو سەرکوتەکانی کۆماری ئیسلامی، وێڕای خەباتو تێکۆشانی ژنانی ئێران بۆ گۆڕینی یاسای دژە ژنی کۆماری ئیسلامی بەرچاو بووەو هەموو کات پێشەنگی بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی لە وڵات دابوونەو خۆڕاگرانە بەربەرەکانی بۆ مافە رەواکانی خۆیان دەکەنو


کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

له پەنا ئەوەش دا مەسەلەی نەتەوایەتیان لە بیر نەکردوەو قوربانیان بۆ داوە.

یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان داوا لە ژنانی ئێران و بە تایبەتی ژنانی مافخوازی کوردستان دەکا کە بە لەبەر چاو گرتنی گۆڕانکارییەکان، بە بردنە سەری ئاستی هۆشیاری و داخوازە رەواکانی خۆیان هەوڵ بدەن هێزو پۆتانسێلی بزووتنەوەی ژنان لە چوارچێوەی رێکخراوەییدا رێک بخەنو لە هەر دەرفەتێک بۆ شکڵ گرتنی مرۆڤ سالاری لە کۆمەڵگادا کەڵک وەرگرن. دڵنیا بن یەکیەتی ژنان پشتیوانی لە خەباتی رەوایان دەکا و پەیمان و بەڵێنی لەگەڵ ژنانی کوردستان نوێ دەکەتاوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجە ئینسانیەکانی ژنان لە تێکۆشان ناوەستێ و بەردەوامە لە خەبات.

هەر لەو بۆنە پیرۆزە دا جێی خۆیەتی کە سپاسو پێزانینی خۆمان بۆ پشتگیری و رێنوێنەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بکەین کە هەر دەم پشتیوانێکی بە هێزی رێکخراوەکەمانن لە بەرەو پێش بردنی خەباتی رزگاریخوازی ژنانی کوردستان.

پیرۆز بێ ٢٤ی رەشەممە ٧١ەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان
٢٤ی رەشەممەی ١٣٩٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٧١ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

بەڕێزان، هاوڕێیانی ئازیز لە یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان! سەرەتا بەبۆنەی ٧١ ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان، یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان پیرۆزباییتان پێدەڵێین. هیوادارین ڕێکخراوەکەتان بەو هەگبە پڕ لە ئەزموون و تێکۆشانە، بەو مێژووە پڕشنگدارە لە چالاکیی بێ وچان و، بەو هەمووە تین و گوڕەی لە گۆڕەپانی خەبات بۆ یەکسانیدا هەیەتی،بتوانێ ترۆپکی ڕزگاری بۆ ژنان وەدی بێنێ و بەری دەیان ساڵ خەباتی نەسرەوتووانەی بە وەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەیی و یەکسانیخوازەکانی هەڵبگرێتەوە.

بەڕێزان! ڕێکخراوەکەتان ٧١ ساڵ لەوە پێش لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆک کۆماری کورد دامەزرا. پێشەوای نەمر کە خەونی گەورەی سەربەستیی نەتەوەکەی بوو، ئیمان و باوەڕی بەوە هەبوو کە هەتا ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ بە مافەکانیان نەگەن و هاوبەشی چارەنووس و مان و نەمانی نەتەوەکەیان نەبن، ئەوە نەتەوەیە ڕزگاری نابێ. هەر بۆیەش بێ دروشمدان بە کردەوە قۆڵی هەڵماڵی و لە پشتی خاتوونە بەڕێزەکەی، مینا خانمی پڕشکۆ وەستا و هانی دا کە بێتە مەیدان و بە دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان خاوەنداریەتی لە پرسی ژنان لە کۆمەڵگا و ماف و داواکانیان بکا.

مێژووی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە ٧ دەیەی ڕابردوودا بەشێکە لە مێژوو، چارەنووس و ڕەوتێک کە بزاوتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیویەتی. هەر کات بڵێسەی شۆڕش بەتین بووە و کورد توانیویەتی خۆی ئیدارە بکا، یەکیەتیی ژنان لە گۆڕەپانی سەرەکیی تێکۆشانەکە بووە و لە پێناو دابینبوونی مافەکانی ژناندا تێکۆشاوە؛ لەو کاتانەشدا کە زەبروزەنگ و گوشاری هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی تەنگ بە بزووتنەوەی کورد هەڵچنێ، ئەوا دیسان ڕێکخراوەکەتان نەسرەوتووانە لە مەیداندا ماوەتەوە و ئاڵای خەباتی یەکسانی و نەتەوەیی شەکاوە ڕاگرتوە. لە خۆڕا نییە کە دەبینین ئەگەر تا چەند دەیە لەوە پێش سیاسەت و چالاکیی مەدەنی و کۆمەڵایەتی بە پرسێکی پیاوانە دادەنرا، ئێستا لە سایەی پێگەیشتوویی ژنانی کورددا کە بەشێکی بۆ کار و تێکۆشانی ڕێکخراوەکەی ئێوەش دەگەڕێتەوە؛ ژنان شانبەشانی پیاوان لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و تێکۆشاندان.

لە ئێستادا بوونی زیاتر لە ٢٠ زیندانیی سیاسیی ژن لە کوردستان لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پێمان دەڵێن کە ژنانی کورد بە کردەوە لە مەیدانەکەن و ئامادەن تێچووی قورسی بەشداریی خۆیان لە سیاسەت و بوارە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی دیکەدا بدەن. بەڕێزان! ئێمە لە ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە وەک ئێوە خۆمان بە یادگار و هەروەها میراتگری بایەخە دێموکراتیکەکانی کۆماری کوردستان دەزانین، لە بڕینی ئەو ڕێگە سەختەدا خۆمان بە پاڵپشتی ئێوە دەزانین. هەر بۆیەش بەبۆنەی ٧١ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان جارێکی دیکەش پیرۆزباییتان پێدەڵێین و مانەوە و بەردەوامیتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٥ی هەتاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ٧٤مین ساڵوەگەری دامەزراندنی یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ئامادەبوانی خۆشەویست

ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لاوانی بە هەست و نیشتمانپەروەری کوردستان

لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی و سەرجەم ئەندامانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی یادی ٧٤ ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان، یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەرمترین و جوانترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین.

ئەمڕۆ ٧٤ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکیەتی لاوان دا تێدەپەڕێت، ٧٤ ساڵ لەمەوپێش و لەناوچەیەکی پڕ کێشە لە جیهاندا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاری مهاباد، ڕێکخراوێکی تایبەت بە توێژی لاوان دامەزرا، لەو سەردەمە دا کە ئاڵۆزی ناوچەیی و شەڕ و کێشە لە ناوچەکە دا بوونی هەبووە، دامەزراندنی وەها ڕێکخراوێک وەرچەرخانێکی گرینگ بووە لە مێژووی کورد دا، بە تایبەت بۆ توێژی لاوان. دامەزرانی سازمانی جەوانانی کورد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو سەردەمە دا دەسەڵاتدارانی ئێران ئێزنیان بە هیچ حیزبێکی سیاسی نەداوە دامەزرێ، بۆیە ئەو سازمانە وەکو حیزبێکی سیاسی هاتۆتە مەیدان، کاری ڕێکخستن و پێگەیاندنی لاوان بووە لە ڕووی نەتەوایەتییەوە، چونکە سازمانێکی بە واتای ووشە نەتەوەیی بووە و ئامانجیان ڕزگارکردنی نەتەوەیەک بووە. هەر بەو هۆیەوە دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافیش، بەدوای نەمرمان بە دامەزراندنەوەی اتحادیەی جەوانانی دێموکڕات لاپەڕەیەکی دیکەی لە مێژووی خەباتی ئەو ڕێکخراوەیەدا هەڵداوە و هەر بۆیە لاوانی کوردستانیش پۆل پۆل لەدەوری کۆبونەتەوە و درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەکەیان داوەو دەکرێ بڵەین بەشێک لە ڕێبەرانی دوێنێ و ئێستا و داهاتووی حیزبی دێموکڕات هەر ئەو لاوە خەباتگێڕ و تێکۆشەرانی نێو ڕیزی یەکیەتی لاوانن.

بەڕیزان :

ڕەوش و گوزەرانی لاوان لە ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران دا بەراورد بە ڕابردوو زۆر زەحمەتتر و پرکێشەترە. لاوانی ئێران و ڕۆژهەڵات گیرۆدەی کێشەکانی بێکاری، توشبوون بە مەوادی هۆشبەر، تەواوەنەکردنی خوێندن بەهۆی قورسی ژیان و دەیان گرفتی تری کۆمەڵایەتی و سیاسین، لاوانی وڵات بۆ بە دەستهێنانی ژیانێکی ئاسایی پەنا دەبەنە بەر کاری قورس و زۆر جاریش گیانیان دەبەخشن لەپێناو پەیداکردنی نان دا، وڵات بەجێدەهێڵن لەپێناو گەیشتن بە بڕوانامەی بەرزی خوێندن ، ئامارە بەرزەکانی خۆکوژی و خۆسوتاندن دەرەنجامی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پڕبوونی زیندانەکان لە لاوان و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکانی سیاسی و هتد، بەرهەمی ئەو فشارەیە کە ڕێژیم دەیخاتە سەر لاوان و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سەرەڕای هەموو ئەو زەبر و زەنگانەی کۆماری ئیسلامی دژ بە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەیگرێتە بەر، دەیەوێت لە دونیای دەرەوە و پێشکەوتنە جیهانییەکانیش دایانبڕێنێت، فلتەر خستنە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان و دەسگیرکردنی خاوەنی چەندین پەیجی ئەو تۆڕانە، دەستبەسەرداگرتن و قەدەغە کردنی سەتەلایت و ڕاگرتنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لەژێر ناوی دژبوون بە ئیسلام، دژبوون بە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی یان نانەوەی ئاژاوە و فیتنە لەنیوان نەتەوە وپێکهاتە ئاینیەکان دا، سیاسەتگەلێکن کە دەسەڵاتدارانی ئێران پەیڕەوی دەکەن و ئامانج لێیان پێگەیشتنی چینێکی کۆمەڵگای ناهوشیار و بێئاگایە لە ڕوە جۆراو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جۆرەکان دا. لاوانیش زەرەرمەندترینی ئەو سیاسەتانەن کە دەسەڵاتداران بۆ سەرکوتی ئەوان دەیگرنە بەر. بەڵام بەخۆشییەوە لاوان زۆر لەوە بەئاگاتر و بوێرترن و رۆژ لەدوای رۆژ چاوکراوەتر و چالاکانەتر دێنە مەیدانی خەبات لە ژێر رێنوێنی رێکخراوەکەیان و پەیامەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا. رێکخراوی یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەمڕۆش رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە ،چ لە ڕووی پێگەیاندنی لاوان بە کردنەوەی خولی سیاسی و نیزامی وچەندین دەورات کە بۆ قۆناغی ئێستای خەبات پێویستە و چ لە رێگەی تۆرە کۆمەلایەتییەکانیانەوە بێ پەیامەکانی خۆیان ئاراستەی جیهان و بەتایبەت لە نێو خۆی وڵات دەکەن و دەوری گرنگ و بەرچاویان هەیە لە پێگەیاندنی لاوان لە نێوخۆی وڵاتدا. یەکێتی لاوان لە ولاتانی دەرەوەدا جێ پەنجەیان دیارەو لە زۆربەی کۆنگرەو کۆنفرانسی تایبەت بەلاوان حوزووریان هەیەو رۆڵی سەرەکی دەگێرن لە بەرێوەبردنی ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسانەدا کە ئەمەش جێگای شانازییە کە ئەو رێکخراوە رۆژ بە رۆژ سەرکەوتنی لەو جۆرە بەخۆیەوە دەبینێ. لاوان لەهەر سەردەمێکدا زیاترجێی چاوەروانین لە چینەکانی تری کۆمەڵگا،چونکە هەمیشە گۆرانکاری و نوێگەری لەدەستی ئەوان دایە،هەر بۆیە پێویسە لاوانی ئێمە زیاتر پەرە بە پێگەیاندن و رۆشنبیر کردن و وشیار کردنەوەی خۆیان لەئاست هەموو ئەو کێشەو گیروگرفتانەی لە کۆماری ئیسلامی هەر رۆژەو بە شێوازێک دەبێتە بەربەست لەبەردەمیان.

سەرکەوێ خەباتی بێوچانی یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان.

سەری رێز و نەوازش بۆ شەهیدان دادەنەوێنین
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
١١/ئاوریلی ٢٠١٧
٢٢خاکەلێوەی٢٧١٧


کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# ڕاگەیاندنی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان



خەڵکی تێکۆشەری کوردستان
ئازادی خوازان ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز
کەسایەتیە سیاسیەکان،
چالاکانی مەدەنی و ژنانی خەباتکار،

٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان پیرۆز بێت . ڕۆژی ٨ی مارس کە بووەتە ڕەمزی خەبات و مافخوازی ژنانی ئازادیخوازی سەرتاسەری جیهان پیویستە هاوکاتیش وێڕای پیرۆز ڕاگرتنی ببێتە ڕۆژی بەڵێن تازە کردنەوەی ڕێبوارانی ئەو خەباتە دژوارە و دەرفەتێکیش بێ بۆ هەوڵدانی زیاتر بە تایبەت لە پێناو ئاشکرا کردنی جەوهەری دژە ژن و دژە مرۆی کۆماری ئیسلامی و دواکەوتوویەکانی. هەشتی مارس بۆ ئێمەی خەباتکاری ژنان لە کوردستان دەبێ ئەو ڕۆژە بێ کە چنگمان زیاتر لە بینگی کۆماری ئیسلامی و یاسا سەدە ناوەڕاستیەکانی توند دەکەین و هاوکاتیش کۆمەڵگا هانبدەین کە پێداچونەوە بە جۆرەها بیر و نەریت و عادەتی لە مێژینە و سواو و زاڵمانەی خۆماندا بکاتەوە. هۆشیاری بەخشین و هاندانی ژنان بۆ بەشداری زیاتر لە پرۆژەی خەباتی عەداڵەتخوازانە و هاتنە ناو جومگە سەرەکییەکانی حەیاتی کۆمەڵگا و بە ڕێکخراو بوونیان پەیامی ئێمەیە لە ڕۆژی هەشتی مارسدا. ساڵی ڕابردوو بە نەریتی پێشوو ،ساڵێکی پر لە توندو تیژی و نەهامەتی بو بۆ ژنان لە چوارچێوەی ئێرانی ژێر چەپۆکەی کۆماری سێدارەی ئیسلامیدا بوو. پەسەندکردنی گەڵاڵە و یاساگەلی دژە ژن، گرتن و ئەشکەنجەی ژنان، بەرتەسک کردنەوەی مەیدانی چالاکی بۆ سەرجەم بزوتنەوەکان و لەوانە توندتر بزوتنەوەی ژنان، بەرز بوونەوەی ڕێژەی خۆکوژی ژنان، بەرزبونەوەی ڕێژەی توش بووان بە مادە هۆشبەرەکان و جنسیەتی کردنی زانکۆ و شوێنی کار و دەیان یاسا و پەسەندکراوی ناپسەندی دیکە کە دیاری






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نگریسی کۆماری ئیسلامی بوون، زەرف و مەیدانی خەباتی ژنانی زیاتر خستتوەتە گوشارەوە. بەڵام ئەوەی لەو رۆژەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیان پێ بکرێ ئەوەیە کە ئەم کەند و کۆسپانە ئەگەرچی مەیدانی بەرتەسکتر کردووەتەوە بۆ بزوتنەوەی ژنان، بەڵام نەیتوانییە بەر بە گەورەتر بوونەوەی بیری ئازادیخوازی ژن بگرن کە ئەمە هەتاهەتایە تازە لە کوردستانێک نایەتە دی کە بناغە ئەو خەباتە تێیدا بە خوێنی ژنانی ئازادیخواز داندراوە. بونی ژنان لە لە سەفی پێشەوەی نارەزایەتییەکاندا، بوونی ژنان لە بواری گرنگی خوێندندا، بەشداریان لە بوارە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بەشدارییان لە سیاسەتدا و هتد، هەرچەندە بە رادەی دڵخوازیشمان نەگەیشتبێ، بەڵام سەرەڕای هەموو کۆسپەکانی سەر رێگا هومێد بەخشە و هیوامان بە داهاتوو گەشتر دەکات. ئەم بەشدارییانەیە کە نمونەگەلی پێشکەوتووانەی کاری عەمەلی و مەیدانی وەک وەرێ خستنی چەندین جوڵەی مەدەنی بۆ ژینگە و ئاشتیخوازی یان نمونەی وەک دوچەرخەسوارانی ژن بۆ نارەزایی بە فەرمانی خامنەیی یان دەیان گروپی بەرینی وەرزشی و شاخەوانی ژنان کە لە زۆربەی رشتە وەرزشییەکاندا تەنانەت قەدەغەن و مافی تمەشا کردنیشیان نییە، ی لێکەوتووەتە. بۆیە بە دڵنیاییەوە باس لەوە دەکەین کە هەرچەندە دەسەڵات و نەریت و گەلێک فاکتۆری نەرێنی رێگری خەباتی ژنانە، بەڵام تازە ئەو نمامە بووەتە داری قایم وەک بەڕووەکانی شاخەکانی کوردستان و لە شکان نایەت. بەرز و بەڕێزە رۆژی هەشتی مارس هێمای هاوخەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی بەرزە یادی هەموو ئەو ژنە تێکۆشەرانەی کە گیانی ئازیزیان بەخت کرد دیسان لێتان پیرۆز بێ ژنان و پیاوانی یەکسانی خوازی کوردستان. ناوەندی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان ١٨رەشەممەی ١٣٩٥ی هەتاویی ٢٠١٧/٣/٨


کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# شێرپەنجەی منداڵدان

ئامادە کردنی: ڕێژنە

شێرپەنجە نەخۆشییەکی دەگمەن نییە، خەڵکی ساڵانە لە یەکێک لە قۆناغەکانی تەمەنیاندا تووشی دەبن شێرپەنجە بریتیە لە دروستبوونی خانەی زیاتر لە ڕێژەی ئاسایی خۆی لە لەشدا. هەموو بوونەوەرێکی زیندوو لە خانە پێکهاتووە. لەشی مرۆڤێکی پێگەیشتوو نزیکەی سی ترلیۆن خانەی هەیە. خانەکان زیاد دەبن بە دابەش بوون. لە لەشی هەر مرۆڤێکی پێگەیشتوو لە هەر خولەکێک ٢٥ میلۆن خانە دابەش دەبن. ئا بەم شێوەیە لەش خۆی ساریژ دەکات. هەندێک جار خانەیەک لە ژێر کۆنترۆلی لەش دەردەچێت و بەردەوام دابەش دەبێت بە زۆری، ئەمە پێی دەوترێت شێرەپەنجە کە بەبێ کۆنترۆڵ گەشە و زیاد بوون دەکات کە پێیان دەوترێن خانەی شێرپەنجەیی و دوو جۆری هەیە (Benign)کە ئەوەیان زۆر بڵاو نابێتەوە بۆ بەشەکانی ترو بە جۆری پاک ناسراوە. (Malignant) ئەوەیان بە جۆری پیس ناسراوەو بڵاو دەبێتەوە.

زیاتر لە ١٠٠ جۆری شێرپەنجە هەن، کە دەتوانن هەموو بەشێکی جەستە بگرنەوە و بەپێی ئەو شوێن و خانەیەی سەرەتا لێی دەردەکەون ناودەبرێن. شێرپەنجە بەپێی ئەو شوێنەی کە تێیدا دروست دەبێت چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە و لە ژنان و پیاواندا. بۆ وێنە، شێرپەنجەی خوێن، مەمک، پرۆستات و چەند جۆرێکی تر. ئەوەی من لێرەدا باسی لێوە دەکەم شێرپەنجەی ڕەحم و مەمکە کە زۆر باوە لە ژنان دا.

شێرپەنجەی ڕەحم چیە؟

یەکێکە لەم جۆرانەی شێرپەنجە کە زۆر باوە. دروست دەبێ لە ئەنجامی دروست بوونی خانەی زیاد لە ڕێژەی ئاسایی خۆی لە منداڵداندا، بە شێوەی گرێ دەردەکەوێ. هەروەک لە پێشەوە باسمان کرد ئەو گرێیەش یان لە جۆری پیسە یان لە جۆری پاکە. ساڵانە نزیکەی ١١٧٠ کەسی توشبوو هەیە بە سەرەتانی منداڵدان، نزیک بە ٣٦٧٠ کەسیش دەمرن بە هۆی سەرەتانی منداڵدانەوە.

هۆکاری سەرەکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند شتێک:

سێکس لە دەرەوی خێزان

جگەرە کێشان

توش بوون بە ڤایرۆسی HIV واتا توش بوون بە نەخۆشی ئایدز

بوونی ئیلتهاباتی زۆر لە رەحم داو مانەوەی کە ئەو هۆکارە پەنجا دەرسەد هوکارە بۆ دروستبوونی سەرەتانی رەحم

ئەو کەسانەی ساڵانە پشکنینی کەم دەکەن لای دکتۆر

وەرنەگرتنی ڤاکسینی HPV

نەخۆشیە درێژخایەنەکان وەکو پەستانی خوێن، شەکرەو... هتد

نیشانەکانی تووشبوون:

بوونی ئازاری زۆر لەکاتی میز کردن

بوونی ئازار لە کاتی سێکس دا

بوونی ئازار لە دەوروبەری حەوز

چارەسەری سەرەتانی رەحم:

لابردنی ئەوگرێیەی کە هەیە بە عەمەلیات

چارەسەری کیمیایی کە ئەوەیان بە پێی جۆری گرێکە دەگۆڕێ

لێدانی تیشک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێدانی هۆرمۆنی پرۆجیسترۆن بە شێوەی حەب
ئەو ئالۆزیانەی دوای چارەسەر دروست دەبن:
ئەندامی زاوزێ
دروست بوونی برین لە زێ.
کەمی حەزی سێکسی
نەمانی سووری مانگانە
لە گەدە دا
ئیسهالی زۆر
ڕەق بوونی ڕیخۆلەکان
ئیلتهاباتی زۆر
– هێندێک لە ئالۆزیەکانی تر وەکو ئازاری بەردەوامی پشت، تێکچونی ڕەنگی پێست و دروست بووی ئاو لە قاچ دا.
شێرپەنجەی مەمک چیە؟
شێرپەنجەی مەمک زۆر لە وولاتە دواکەوتووەکان باوە بە بەراورد لەگەڵ ولاتە پێشکەوتووەکان. شێرپەنجەی مەمک بە زۆری لە ژنانی بە تەمەن دا زۆر بلاوە. جۆری شێوازی ژیان و خۆراکیش هەم دیسان رۆلی هەیە لە دروست بوونی . شێرپەنجەی مەمک. بە گوێرەی لێکۆلینەوە جیهانیەکان ٢٣٢٣٤٠ ژن سالانە توشی شێرپەنجەی مەمک دەبن لە ولاتێکی وەک ئەمریکا.
نیشانەکانی شێرپەنجەی مەمک:
سەرێشە
ڕەشهەڵگەران یان ئاوسانی مەمک
دروست بونی گرێ
ڕەشهە ڵگەرانی دەوروبەری گۆی مەمک
دەردانی زەرداو لە گۆی مەمک یان هەندێک جار خوێن
گۆڕانی شێوەی مەمک

هۆکارەکانی توشبوون:
بە سالاچون
هۆکاری جینی
زۆری ڕێژەی تیشوو لە مەمک دا
دواکەوتنی سوری مانگانە یان درەنگ کەوتنە سوری مانگانە
قەڵەوی
ئەوانەی ئەلکحول دەخۆن
چارەسەری شیرپەنجەی مەمک
چارەسەر بە تیشک
عەمەلیات
پێدانی هەندێک دەرمانی تایبەت لە لایەن دکتۆرەوە
جارەسەری کیمیایی


کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# هەیئەتێکی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان(کەژەکە) سەردانی سکرتاریای یەکیەتیی ژیانی دێموکراتی کوردستانی کرد

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی جۆزەردان هەیئەتێکی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان پێکهاتوو لە خاتوو ئەوین زیلان ئەندامی پێوەندییەکانی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان و پێلین وان سەردانی سکرتاریای یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن بەڕێوەبەری ئەو یەکیەتییەوە، بە سەرپەرەستی خاتوو سوهەیلا قادری پێشوازییان لێکرا.

مەبەست لەو کۆبوونەوەیە باس کردن و بیر و ڕاگۆڕینەوە لەسەر چۆنیەتی بەڕیوەچوونی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بۆ ژنانی هەرچوارپارچەی کوردستان بوو.

بڕیارە ئەو کۆنفرانسە لە داهاتوو بە بەشداریی ڕێکخراوی ژنانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەڕێوە بچێ.

سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە بەشێک لە قسەکانیدا وێڕای پێشوازیی کردن لە کاری هاوبەشی ژنانی سەر بە ڕێکخراوە کوردستانییەکان، باسی لە گرینگی کاری هاوبەش کرد کە پلان و پرۆژە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان کاراتر دەکا و دەبیتە هۆی نزیکبوونەوەی لایەن و ڕێکخراوەکانی کوردستان و لەوبارەوەش ئامادەیی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کوردستانی بۆ هەرچەشنە هاوکاری و هاوخەباتی دەربڕی.

لە کۆبوونەوەیەدا ژنانی هەردوو لایەن لەسەر چونیەتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی هاوبەش لە نێوان ژنانی هەرچوار پارچەی کوردستان ڕاو تێبینی خۆیانیان باس کرد.

بڕیارە لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا کە بۆ ڕێکخراوەی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێک دێ، نوێنەرانێک بۆ بەشداریی کردن لە کۆنفرانسی هاوبەش هەڵبژێرن.







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کەلەپوور و کلتووریی کوردەواری لە حەوشەی قەڵای دیمۆکرات

دایکان و دەستەخوشکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە حەشەوی قەڵای خۆڕاگریی، ڕێورەسمێکی تایبەت بە کەلەپوور و کلتووریی کوردەوارییان بەڕێوە برد.

ئەوڕێورەسمە کە لە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمە دەستی پێکرد، بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەکانی نیو بنکەکانی حیزب تێیدا بەشدارو، هەتاکوو کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی درێژەی هەبووە

ژنانی زەحمەتکێش و خەباتکاری دیموکرات، بە هاوکاری و هاوشانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کەشێکی پێشمەرگانەو، لیپاولیپ لە هاوڕیەتیی، ڕێورەسمێکی ڕازاوەیان تایبەت بە کەلەپووری کوردەواری کە بریتی بوو؛لە جلوبەرگ، لالایە، چێشت و خواردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، کاری دەسچنی نەخشین و چەند تابلۆی هونەری دیکە بەڕێوەبرد.

سەرەتا ڕێورەسمەکە لە ژێر سێبەری بەتەمەنترین ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دایە ئەستی ئیبراهیمی کرایەوە.

پاشان سکرتیری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان خاتوو سۆهەیلا قادری وێڕای بەخێرهاتن کردن لە مێوانان، سەبارەت بەو ڕێورەسمە کلتوورییە کورتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و گوتی؛ ژنان هەموو کات بۆ پاراستنی کەلەپووری نەتەوەکان زیاتر هەوڵیان داوەو، ژنانی کوردیش کەلەپوور وفەرهەنگی کوردەوارییان بە باشترین شێوە پاراستوەو، بە درێژایی مێژوو تاکوو ئێستا، پارێزەری بەشێکی بەرچاو لە فەرهەنگ وکلتووریی گەلەکەمان بوون.

خاتوو سۆهەیلا قادری لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وێڕای ئاماژەدان بە ڕووداوە ناخۆشەکانی ئەم دواییانە وەکوو کردەوەی تیرۆریستی یەلدا خوێناویی دیموکرات، باسی لە ورە و باوەڕی نەبەزیوی ژنان وپیاوانی دیموکرات کردو، وتی: لە بەرەبەری هاتنی بەهار، بەڕێوەبردنی ئەم ڕێورەسمە شاد و ڕازاوەیە ، پەیامێکە بۆ دوژمنان و نەیارانی گەل و حیزب، کە ئێمە لەسەر ڕێبازی مافخوازانە گەلەکەمان هەر بەردەوامین و بە لێهاتوویی ئەو ڕێگە پیرۆزە درێژە دەدەین.

لە برگەیەکی دیکەی ئەوڕێورەسمەدا، دایە ئامینەی ئەحمەدزادە بە سۆزێکی دایکانەو، هەڵقوڵاو لە ناخی کۆنترین موسیقی مرۆڤەکان ، کۆپلەیەک 'لایەلایە"ی پێشکەش بە هەموو ئەو پێشمەرگانە کرد، کە لە مێهرونازی دایکانی خۆیان دوورن و، بە هیوای دوارۆژێکی گەشاوە لە سەنگەری خەباتدان ، سۆزی ئاسمانیی لایەلایە، کە بەشێکی بەنرخە لە ئەدەبی فۆلکلۆریکی کوردی ، شکۆیەکی جوانی بە ڕێورەسمەکە بەخشی.

دواتر پێشمەرگەی دەنگخۆش ڕێبوار حسێنی چەند گورانیەکی پێشکەش بە مێوانان کرد.

پاشان سەروین فەتاحی کچە پێشمەرگەی جواننووس، پارچە شێعرێکی خوێندەوە و

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا، ژنان و کچانی بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە چێشت وخواردنی جۆراوجۆر ،بەشداربووانیان مێوان کرد و پەزیراییان لێیان کرد.

دوای ماوەیەک پشوودان، ژنان وپیاوانی پێشمەرگە، بە هەڵپەرکێی کوردی پێشوازییان لە هاتنی ساڵی تازەو، جێژنی نەتەوەیی نەورۆز کرد.

پەیامی ئەو ڕێورەسمە کلتوورییە ئەوە بوو کە بە ژن و پیاو، بە بێ جیاوازی لەسەنگەری خەباتی نەتەوەییدا، تاگەیشتن بە ئامانجە بەنرخەکانمان هەر بەردەوامین و، ماڵی دڵمان بە خۆشەویستیی نیشتمانی دایک، ڕازاوەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداریی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە سیمیناریک تایبەت بە ٨ی مارس لە شاری ڕانیە

زانکۆی ڕاپەڕینی شاری ڕانیە لە ڕۆژی ٨ی مارسی ٢٠١٧بەرانبەر بە ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی ڕەشەمە، بە بۆنەی ٢٦مین ساڵیادی ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان کە ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ ٨ی مارس واتە ڕۆژی جیهانیی ژنان سیمیناریکی لە ژێرناوی ژن لە شۆڕش و ،ڕاپەرینەکانی کورددا ، پێکهێنا.

ئەوسیمینارە کە بە هاوکاری زانکۆی ڕاپەڕین و ڕێکخراوی کچانی کتێب بەڕێوەچوو، بۆ ماوەیەی چەند کاتژمێر بەشێک لە ژنانی چالاکی نیو ریزەکانی شۆڕش و خەباتی هەرچوارپارچەی کوردستانی لە دەوری یەک کۆکردەوە.

خاتوو شلێر مەحموودی نوینەری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و جێگر سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە یەکێک لە بەشداربووانی ئەو سیمینارە بوو.

شلێر مەحموودی بە بابەتێک لە ژێر ناوی مافەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێوەندی بەیاساکانی کۆماری ئیسلامییەوە، لەو سیمینارەدا باسەکەی خۆی بە مێژووی هاتنە مەیدانی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکیی ڕێکخراوەیی کە لەسەردەمی کۆماری کوردستان وەک بەڵگەیەکی زێڕین تۆمار کراوە دەسپێکرد.

دواتر خاتوو شلێر بە هێنانەبەرباسی دۆخی ئێستاکەی ژنانی کورد لە بن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێشێلکرانی مافەکانیان و هەبوونی چەندین ماددە یاسایی دژە ژن لە ئێران، لایەنەکانی ئەو گرفتەی بۆ ئامادەبووان شیکردەوە.

بەشێکی دیکەکەی وتارەکەی خاتوو شلێر مەحموودی تەرخان کرابوو بە ئاوردانەوەیەک لە دەور و ڕۆڵی فیداکارانەو ئاکتیڤی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئەو پارچەیە لەکوردستان، بەتایبەتی لەسەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران بەملاوە کە ژنان بۆ سەرخستنی نەتەوەکەیان لەهەموو بوارێکدا بە پێی تواناو ڕێگەپێدان بەشدارییان کردوەو، ئێستاشی لە گەڵ بێ هەربەردەوامن.

لە بەبڕکەیەکی دیکەی ئەو سیمینارەدا ، لە گفتوگۆیەکی ئازاد، چەند کەس لە ئامادەبووان وبەشداربووان ڕابۆچوونی خۆیانیان خستەڕوو.

لە کۆتاییدا لە لایەن قایمقامی شاری ڕانیە، بەسەر چەند کەس لە ژنانی چالاک و بەشداربوو لەو سیمینارەدا خەڵات و لەوحی ڕێزلێنان بەخشرا.








کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# راپۆرتی دەستپێکی کۆنگرەی سوسیالیست ئینترناسیۆنالی ژنان بە بەشداری د. کوێستان گادانی نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

سوسیالیست ئینترناسیۆنالی ژنان ۲۱یەکەمین کۆنگرەی خۆی ئەمسال لە ولاتی کۆلۆمبیا لە شاری کارتاگێنا لە ڕۆژانی ۲۵–۲۷ ی فەورییە دەگرێت. دروشمی کۆنگرە نابەرابەری رەگەزی ئەمرۆ لە جیهان، تێگەیشتن لە بەربەستەکان وکۆتایی هێنان بە نەبەرابەری رەگەزی تا سالی ۲۰۳۰یە.

یەکەم رۆژی کاری کۆنگرە بە وتەکانی“ وەفا حاجی” سەرۆکی سۆسیالیست ئینترناشۆنالی ژنان دەستی پێکرد و یەکەم تەوەری کۆبوونەوەی شواری سۆسیالیست ئینترناسیۆنالی ژنان بوو کە لەم کۆبوونەوەیەدا باسەکان بۆ کۆنگرە تاوتوێ کران. باسەکان بریتی بوون: لە پێشنیاری هیندێک ئالوگۆر لە پەیرەوی ناوخۆ و هەروەها لە سەرشێوەی هەلبژاردن و ناساندنی بەربژێرەکان بۆ بەرێوبەری تازە و هیندیک پێشنیار و داخوازی دیکە کە قەرارە لە رۆژانی داهاتووی کاری کۆنگرەدا بخرێنە بەردەنگ.

جێگای ئاماژەیە کە نوێنەری ڕێکخراوی یەکێتی ژنان دیموکراتی کوردستان کە بریتین لە هاوڕێیان خاتوو کوێستان گادانی هانا قادری، چالاکانە بەشداری باسەکان بوون. پێویست بە ئاماژەیە کە یەکێک لە باسە پێشنیار کراوەکانی بۆ کۆنگرە لە لایەن خاتوو کوێستان بۆ بەشی بەرێوبەریی داهاتوو، وەک پێشەیار درایە کۆنگرە بریتی بوو لە: بە پێێ ئەهەمیەتی رۆلی ژنان و جێگە وپێگەی ئەوان و هەروەها بە هۆی هەلومەرجی نالەباری چەندین سالەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، بۆ کار و تێکۆشانی زیاتر بە مەبەستی کەمتر کردنی کێشەی ژنان لەم ناوچەیە، پێشنیار کرا کە بەشی رۆژهەلاتی ناوراست لە بەشی مێدیترانە و قەوقاز( کە ئێستا هەموو لە یەک بەش و وەک یەک ناوچە بەریوبوە دەچن) جیا بکرێتەوە و بۆ ئەوەی باشتر جەخت لە سەر کێشەکانی ئەم ناوچەیە بێت کە ژنانی کوردیش بە تایبەتی دەگرێتەوە. لە سەر ئەنجامی ئەم باسە و بابەتەکانی دیکەی کاری کۆنگرە لە رۆژانی داهاتوودا زیاتر ئاگاداری دەدرێت . پێویستە بگودرێت کە لە کۆتایی کاری ئەمرۆدا لە لایەن خانەخوێ واتە رێکخراوی نەتەویی لیبرالی ژنانی کۆلۆمبیا ئێوارە خوانێکی پێک هاتبوو کە هەیئەتی نوێنەرایەتی یەکێتی ژنان، توانیان لەگەل چەندین کەس لە بەشداران و نوێنەرانی ولاتانی جێهانی باسی پرس ژن بە گشتی و ژنانی کوردی بەتایبەتی بێننە بەر باس و ڕاوێژ.






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

سەرلەبەیانی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٦، کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان، کۆبونەوەی وەرزی یەکەمی ساڵی لەبنکەی سەرەکی یەکیەتیی ژنان بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و راوێژکارەکان بەڕێوە برد.

سەرەتای کۆبونەوەکە بە ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، دواترخاتوو سوهەیلا قادری سکرتێری گشتی یەکیەتیی ژنان باسی لە چەند خاڵێک کرد، لە باسەکەی دا هەڵسەنگاندنێکی لەبارەی ئەو کار و چالاکیانە کرد کە لە ٧ی مارس ەوە تا ٢٤ ی رەشەممە رێکخراوەکە ئەنجامی داون و بەرز نرخاندنی، لە درێژەی قسەکانی دا جەختی لەسەر هاوخەمی و پشتیوانی ئەندامانی دڵسۆزی رێکخراوەکەمان کردەوە کە هەمیشە پشتیوانی رێکخراوەکەیان بوون. پاشان باسی لەو کێشە و گرفتانە کرد کە دەبنە هۆی پەکخستنی کارەکانمان یان کەم چالاکیمان رێگاو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.

تەوەرێکی تری باسەکەی تایبەت بوو بە هاودەنگی و پشتیوانی رێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵات بە تایبەتی و رێکخراوەکانی ژنان لە باشوور بە گشتی، تۆندو تۆلکردن و هاوکاریکردن و میکانیزمەکانی پەیوەندی نێوان رێکخراوەکان ناواخنی قسەکانی خاتوو سوهەیلا بوو.

دواتر بەشدارانی کۆبونەوەکە بە پێشنیار و راو سەرنجەکانیان کۆبونەوەکەیەن دەوڵەمەندتر کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org














کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org
















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org











کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan
No: 46 Date: May 2017



کتێبخانەی دیجیتالی